کەبات

XEBAT

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5829) سێ شەممە 17ی ئەیلوول 2019 «16» لاپەڕە «500» دینار

سەرۆک بارزانی پێشوازی لە شاندێکی پەرلەمانی لوبنان کرد



دوێنێ دووشەمە 2019/9/16 لە سەلاحەددین سەرۆک مەسعود بارزانی پێشوازی لە تەیموور جونبلاّت، سەرۆکی فراکسیۆنی دیداری دیموکراتی لە پەرلەمانی لوبنان و شاندێکی یاوەری کرد.
لە دیدارەکەدا پەیوەندیی مێژوویی نێوان گەلی کوردستان لەگەڵ گەلی لوبنان بەگشتی و خانەوادەی جونبلاّت بەتایبەتی بەرز نرخێندرا و جەخت لە بردوودان بە پەیوەندیی هەردوولا کرایەوە. باسکردنی ڕەوشی سیاسیی لوبنان و عێراق و ناوچەکە و پەیوەندییەکانی هەولێر و بەغدا و مەترسییەکانی تیرۆر، تەوەرێکی دیکەی دیدارەکە بوون.

26 ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر کۆنگرەی

90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر

مومتاز حەیدەری: یەکەمین کۆنگرەی سیاسی و نەتەوەیی و زانستی بوو لە سەر ئاستی کوردستان

(زیاتر لە ل4 بخوێنەوە)





پارێزگاری نوێی هەولێر لەبەردەم سەرۆکی هەرێمی کوردستان سوێندی یاسایی دەخوات

دوای دەرچوونی فەرمانی هەرێمی بۆ دەستبەکاربوونی پارێزگاری نوێی هەولێر، سەرلەبەیانیی دوێنێ دووشەمە 2019/9/16 لە ڕێوڕەسمێکدا لەبەردەم بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان، بەڕێز فەرسەت سۆفی وەک پارێزگاری نوێی هەولێر سوێندی یاسایی خوارد.
لە ڕێوڕەسمەکەدا کە بەڕێز ڕێبەر ئەحمەد وەزیری ناوخۆ ئاماده بوو، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە بەڕێز فەرسەت سۆفی کرد و هیوای سەرکەوتنی بۆ خواست، هەروەها سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ کار و خزمەتەکانی بەڕێز نەوزاد هادی، پارێزگاری پێشووی هەولێر دەربڕی.

لە ڕۆژئاوای کەرکووک هێزێکی ئەمەریکی بنکەیەک بە هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵ چۆل دەکەن

3



سەرۆکی حکوومەت سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لیژنەی کۆکردنەوەی داهاتەکانی کرد

مەسرور بارزانی: پێویستە دادپەروەری لە خەرجکردنی داهات بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان هەبێت

کارو ئەرکی ئێمە بەرگریکردنە لە مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان

دوێنێ دووشەمە 2019/9/16 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی کۆبوونەوەی لیژنەی کۆکردنەوەی داهاتەکانی کرد. لە کۆبوونەوەکەدا کە قوباد تالەبانی جێگری سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیش ئامادەی بوو. سەرۆکی حکوومەت ئاماژەی بەوە کرد پێویستە حکوومەت کار لە سەر ئەوە بکات هاوسەنگی هەبێت لەنێوان داهات و خەرجییەکان بە شێوەیەک لە خزمەتی بەرژەوەندی گشتی و هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان بێت. جەختیشی لەوە کردەوە کە دەبێ دادپەروەری لە خەرجکردنی داهات بۆ ناوچەکانی هەرێمی کوردستان هەبێت. گوتیشی کارو ئەرکی ئێمە بەرگریکردنە لە مافی هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان.
لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ لەبارەی کۆکردنەوەی داهاتەکان و ڕێکخستنەوەی باج و گومرگەکان و کاراکردنی سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان کرا. لە کۆتاییدا سەرۆکی حکوومەت جەختی لە سەر دابینکردنی نەوتی سپی بۆ هاووڵاتیان کردەوە پێش هاتنی وەرزی زستان.

وەزارەتی پێشمەرگە نوێنەری سەربازیی باڵای لە فەرماندەییەکەدا دەبێت

عێراق.. سەرۆکوەزیران دەبێتە فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان

سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکاندا کرد و خۆی کرد بە فەرماندەی فەرماندەییەکە. پێشمەرگەو حەشدی شەعبیشی خستە نێو ئەو پێکهاتەیەوە. لە بڕیارنامەیەکدا کە بە ناوی عەبدولمەهدییەوە بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە سەرۆکوەزیران بووەتە فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



ئەرژەنتین.. فێستیڤاڵی ڕۆژی پەنابەران

بە بەشداری نوێنەرانی وڵاتانی جیاواز لە فێستیڤاڵێکدا لە بۆینس ئایرس پایتەختی ئەرژەنتین، یادی ڕۆژی پەنابەران دەکرێتەوە. بە میواندارای حکوومەتی ئۆتۆنۆمی شاری بۆینس ئایرس و بە بەشداریکردنی هەزاران کەس لە شەقامی ئایاری شارەکە ڕۆژی پەنابەران یاد دەکرێتەوە. لە چوارچێوەی فێستیڤاڵەکەدا نزیکەی 40 نەژادی جیاواز کە لە بۆینس ئایرس دەژین لە ڕێگەی جلوبەرگی کولتووری، سەما و خواردنەوە وڵاتەکانیان دەناسێنن.



سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین:

بۆ ئەمساڵی خوێندن نزیکەی 6 هەزار قوتابی وەردەگرین

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ڕایدەگەیەنێ، ئەمساڵ سالێکی جیاواز دەبێت بۆ ئێمە، بە تایبەت کە ئێمە لە قۆناغی خۆئامادەکردنین بۆ جێبەجێکردنی بۆلۆنیا پرۆسیس، هەرچەندە لە کۆلێژی ئەندازیاری ئەم سیستەمە لەمساڵەوە دەست پێدەکرێت. سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لەم دیدارەدا باسی چەندین پرس و کێشەو گرفتی پەیوەند بە قوتابی و مامۆستا و خوێندنی باڵا دەکات.
(دەقی دیمانەکە لە ل5 بخوێنەوە)

پارتی بڕیاریدا لیستی یەکگرتوو لە نەینەوا پێکبهێنرێت



دوێنێ دووشەمە پارتی دەربارەی پێکهێنانی لیستی یەکگرتووی کورد لە نەینەوا کۆبوونەوە و بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی پارتیش لە مووسڵ ئاشکرای کرد، پارتی لەگەڵ یەکگرتوویی کوردە لە مووسڵ و دەشڵێ، ڕۆژی شەممەی دابێ مەکتەبی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کورد کۆدەبێتەوە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

نرخی خاوی بڕێنت بۆ 66.57 دۆلار بەرزبووەوە

دوای ئەوەی دوو دامەزراوەی نەوت لە سعوودیە ڕووبەڕووی پەلامار بووەوە لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، نرخی خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا بۆ 66 دۆلار و 57 سەنت بەرزبووەوە.
(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)



سەرۆکی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە باڵیۆزی نوێی سوید کرد

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی لە بەڕێز لارش ڕۆناس باڵیۆزی نوێی سوید لە عێراق کرد و هیوای سەرکەوتنی لە ئەرکی نوێیدا بۆ خواست و ئامادەیی هەرێمی کوردستانی بۆ هەر هاوکاری و هەماهەنگییەک نیشان دا، هەروەها پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و سوید و بەرەوپێشبردنی زیاتریان، بەتایبەتی لەبواری وەبەرهێناندا، دووپات کردەوە.

لە دیدارێکدا کە پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەمە 2019/9/16 لە هەولێر بەڕێوەچوو، سەرۆک نێچیرڤان بارزانی پوختەیەکیشی دەربارەی پرسە گرنگەکانی قۆناغی ڕابردوو و ئێستا، بەردەوامیی پرۆسەی چاکسازی لە هەرێم، پەیوەندییەکانی هەولێر/ بەغدا، خواستی هەردوولا بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لەسەر بنەمای دەستووری عێراق و هەماهەنگیی نێوانیان لە بواری سەقامگیری و ئاسایشدا بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەترسییەکانی سەرهەڵدانەوەی تیرۆر، پێشکەش کرد.

لای خۆیەوە باڵیۆزی نوێی سوید لە عێراق ئاماژەی بەوەدا کە بە گرنگییەوە سەیری پەیوەندییەکانیان لەگەڵ عێراق و هەرێمی کوردستان دەکەن و باسی ڕۆڵی ولاتانی ئەوروپی لە ناوچەکە کرد.



نێچیرڤان بارزانی پێشوازی لە شاندێکی پەرلەمانی لوبنان دەکات

بەڕێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە دیدارێکدا لەگەڵ بەڕێز تەیموور جونبلاّت سەرۆکی فراکسیۆنی دیداری دیموکراتی لە پەرلەمانی لوبنان و شاندێکی یاوەری، دۆخ و پرۆسەی سیاسی لە لوبنان، پەیوەندییەکانی هەولێر/ بەغدا و مەترسییەکانی تیرۆر لە ولاتانی ناوچەکە و گرنگیی ڕووبەڕووبوونەوەی بیری تیرۆر و تووندڕەویان تاوتوێ کرد.

لە دیدارەکەدا کە دوێنێ دووشەمە 2019/9/16 لە هەولێر بەڕێوەچوو، هەردوولا کار و پرۆژەکانی وەبەرهێنەرانی لوبنانی و دۆخی ڕەوەندی لوبنانییان لە هەرێمی کوردستان خستە بەر باس و جەختیان لە بردەوام بە پەیوەندییەکان هەرێمی کوردستان و لوبنان کردەوە.



پەیامی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە یادی کۆمەڵکوژیی گوندی سۆریادا:

کوردستان وەک هەمیشە بە لانەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بۆ هەمووان دەمێنێتەوە

لە یادی پەنجا ساڵەی کۆمەڵکوژیی گوندی سۆریای ناوچەی زاخۆدا، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەپەیامێکدا رایگەیاند، کۆمەڵکوژیی گوندی سۆریا یەکێکی دیکە بوو لەو زنجیرە تاوانەی بێ جیاوازی دەرهەق بە هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان ئەنجام دەدران. هەمان ساڵ لە گوندی دەکای سنووری ئاکرێش زیاتر لە 70 منداڵ و ژن لە ئەشکەوتێکدا سووتێنران. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

ئەمڕۆ لە یادی پەنجا ساڵەی کۆمەڵکوژیی گوندی سۆریای ناوچەی زاخۆدا، کە ساڵی1969 لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە ئەنجام درا و تیایدا 39 کەس لە منداڵ و ژن و پیاوی مەسیحی و موسڵمان پێکەوە شەهید کران و زیاتر لە 20 کەس بریندار بوون، بە ڕێز و شکۆوە یادیان دەکەینەوە و سەری ڕێز و نەوازشیان بۆ دادەنەوێنین.

کۆمەڵکوژیی گوندی سۆریا یەکێکی دیکە بوو لەو زنجیرە تاوانەی بێ جیاوازی دەرهەق بە هەموو پێکهاتە ئایینی و نەتەوەییەکانی کوردستان ئەنجام دەدران. هەمان ساڵ لە گوندی دەکای سنووری ئاکرێش زیاتر لە 70 منداڵ و ژن لە ئەشکەوتێکدا سووتێنران.

لەم یادەدا دووپاتی دەکەینەوە کە هەرێمی کوردستان وەک هەمیشە بە لانەی پێکەوەژیان و لێبووردەیی بۆ هەمووان دەمێنێتەوە و داواکارین کەیسی گوندی سۆریاش لە دادگای بالاّی تاوانەکانی عێراق یەکلا بکرێتەوە و کەسوکاری قوربانییان قەرەبوو بکرێنەوە.

سلاّو و دروود بۆ گیانی هەموو شەهیدانی کوردستان.

نێچیرڤان بارزانی
سەرۆکی هەرێمی کوردستان
2019/9/16

عێراق.. سەرۆکوەزیران دەبێتە فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان

وەزارەتی پێشمەرگە نوێنەری سەربازیی باڵای لە فەرماندەییەکەدا دەبێت

جگە لە پێشمەرگە، دەسەڵاتی دامەزراندن و شوێنگۆڕینی ئەرکی باڵا لە تەواوی ئەو فەرماندەییەدا لە دەسەڵاتی عەبدولمەهدیدا دەبێت



سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی گۆڕانکاری لە پێکهاتەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکاندا کرد و خۆی کرد بە فەرماندەی فەرماندەییەکە .پێشمەرگەو حەشدی شەعبیشی خستە نێو ئەو پێکهاتەیەوە. لە بڕیارنامەیەکدا کە بە ناوی عەبدولمەهدییەوە باڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بەوە کراوە کە سەرۆکوەزیران بووەتە فەرماندەی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان.

بەپێی بڕیارنامەکەی عەبدولمەهدی، لەو پێکهاتە سەربازییەدا هەریەک لە وەزارەتەکانی بەرگری و ناوخۆ و ئیدارەی هەواڵگری، ڕاوێژکاری نیشتمانی، هێزەکانی ئاسمانیی و وشکانیی، دەستەی حەشدی شەعبی و وەزارەتی پێشمەرگە نوێنەرانی سەربازی باڵایان لە فەرماندەییەکەدا دەبێت.

جگە لە هێزەکانی پێشمەرگە، دەسەڵاتی دامەزراندن و شوێنگۆڕینی ئەرکی باڵا لە تەواوی ئەو فەرماندەییەدا لە دەسەڵاتی عەبدولمەهدیدا دەبێت. هەر لە بڕیارنامەکەدا هاتووە: بە بەکارهێنانی تەواوی تواناکانی دەوڵەت، فەرماندەییەکە لە ڕووی ستراتیجییەتی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و ئۆپەراسیۆنەوە بەڕێوەدەبرێت.

لە پێناو دەستەبەرکردنی سەقامگیری لە سەرتاسەری وڵات، پێکهاتەکە لەژێر ڕۆشنایی فەرمانەکانی (عەبدولمەهدی) فەرماندەیی هێزە چەکدارەکان دژبە هەر هەڕەشە و مەترسییەک دەوەستێتەوە کە لە ناوخۆ و دەرەوە دێت. فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان ئەرکی ڕاوێژکاری لە بوارەکانی سەربازیی و ئەمنییەوە دەگرێتە ئەستۆ و کۆنترۆڵی هەموو یەکە سەربازیی و ئەمنییەکان دەکات. هەروەها تەواوی ئەو فەرماندەییەدا لە دەسەڵاتی عەبدولمەهدیدا دەبێت. هەر لە بڕیارنامەکەدا هاتووە: بە بەکارهێنانی تەواوی تواناکانی دەوڵەت، فەرماندەییەکە لە ڕووی ستراتیجییەتی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان و ئۆپەراسیۆنەوە بەڕێوەدەبرێت.

فەرماندەییەکە هەماهەنگی لەگەڵ لایەنە نێودەوڵەتییەکان دروست دەکات کە مەشق بە هێزە ئەمنییەکانی عێراق دەکەن و پشتیوانی لۆجستیان پێشکەش دەکەن".

بەپێی بڕیارنامەکە، فەرماندەی هێزە چەکدارەکان بەگوێرەی هەندێک ڕەوشی ئۆپەراسیۆن و پلاندانان، ئەرکی فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان دەسپێرێت بە جێگرەکەی. جێی باسە فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی عێراق لە لایەن جەنەراڵ عەبدولئەمیر ڕەشید یارەوڵاوە بە وەکالەت بەڕێوەدەبرا و بەپێی بڕیارنامە نوێیەکەش لەئێستادا ناوبراو کراوەتە جێگری فەرماندەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان.

نرخی خاوی بڕێنت بۆ 66.57 دۆلار بەرزبووەوە



دوای ئەوەی دوو دامەزراوەی نەوت لە سعوودیە ڕووبەڕووی پەلامار بووەوە لە یەکەم ڕۆژی هەفتەدا، نرخی خاوی بڕێنت لە بازاڕەکانی جیهاندا بۆ66 دۆلار و 57 سەنت بەرزبووەوە. نرخی یەک بەرمیل خاوی بڕێنت کە ڕۆژی هەینی تا60 دۆلار و 98 سەنت بەرزبووەوە و لە میانی داخستنی بازاڕدا بۆ 60 دۆلار و 33 سەنت دابەزی. دوێنێ دووشەمە نرخی یەک بەرمیل خاوی بڕێنت بەراورد بە کاتی داخستنی بازاڕ لە هەفتەی ڕابردوودا، بەڕێژەی سەدا 10 و پێنج34 بەرزبونەوەی بە خۆیەوە بینی و بە 66 دۆلار و 57 سەنت مامەڵەی پێوە کرا. هاوکات نرخی یەک بەرمیل خاوی تێکساس بە 59 دۆلار و77 سەنت مامەڵەی پێوە کرا.

جێی باسە ڕۆژی شەممە وەزیری وزەی سعوودیە، شازادە عەبدولعەزیز بن سەلمان ڕایگەیاند کە لە ڕێگەی فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هێرشکراوەتە سەر دوو دامەزراوەی نەوت سەربە کۆمپانیای ئارامکۆ.

شازادە عەبدولعەزیز بن سەلمان لە ڕوونکردنەوەکەیدا ڕایگەیاندبوو، بە شێوەیەکی کاتی پرۆسەکان لەو وێستگانەی ڕووبەڕووی پەلامار بوونەتەوە ڕاگیراوە. بەپێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی Wall Street Journalی ئەمەریکی، بەربڕسانی سعوودیە ڕایانگەیاندووە، هەوڵدەدەن بەشێک لە پرۆسەکان دەستەبەربکەنەوە، بەڵام چەند هەفتەیەک دەخایەنێت تا دەگەنەوە بڕی ڕۆژانەی پێشوو.




مایک پۆمپیۆ: خاکی عێراق بۆ ئەنجامدانی هێرشەکانی سەر سعوودیە بەکارنەهێنراوە

وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ ڕایگەیاند کە لە هێرشەکانی سەر دامەزراوەکانی کۆمپانیای ئارامکۆدا، خاکی عێراق بەکارنەهێنراوە.

نووسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکایەتیی وەزیرانی عێراق، ڕاگەیەندراوێکی لەبارەی ناوەڕۆکی پەیوەندی تەلەفۆنی نێوان سەرۆکوەزیرانی عێراق، عادل عەبدولمەهدی و وەزیری دەرەوەی ئەمەریکا، مایک پۆمپیۆ بڵاوکردەوە. بەپێی ڕاگەیەندراوەکە، عەبدولمەهدی و پۆمپیۆ لە پاڵ پەیوەندییە دووقۆڵییەکاندا، تاوتوێی هێرشەکانی سەر دامەزراوەکانی ئارامکۆیشیان کردووە.

لە دەقی ڕاگەیەنراوەکەدا هاتووە "پۆمپیۆ ڕایگەیاندووە کە بەپێی بەڵگەکانی بەردەستیان، ڕوونکردنەوەکەی حکوومەتی عێراق پشتڕاست دەکەنەوە کە ڕایگەیاندووە، خاکی عێراق بۆ هێرشی سەر دامەزراوەکانی ئارامکۆ بەکارنەهێنراوە". حکوومەتی عێراق پێشتر دەنگۆکانی بەکارهێنانی خاکی عێراقی لە ئەنجامدانی هێرشەکانی سعوودیەدا ڕەتکردبووەوە.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی لوبنانی دەکات

دوێنێ دووشەممە 2019/9/16 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە شاندێکی لوبنانی کرد بە سەرۆکایەتی پەرلەمانتار تەیموور جونبلات سەرۆکی فراکسیۆنی دیداری دیموکراتی لە پەرلەمانی لوبنان و سەرکردە لە پارتی سۆسیالستی پێشکەوتووخوازی لوبنانی.
لە کۆبوونەوەکەدا شاندی میوان پیرۆزباییان لە سەرۆکی حکوومەت کرد بە بۆنەی دەستبەکاربوونی کابینەی نۆیەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و جەختیش لە سەر گرنگی پەیوەندی نێوان لوبنان و هەرێمی کوردستان کرایەوە. هەروەها باس لە پەیوەندیی مێژوویی نێوان خانەوادەی جونبلات و گەلی کورد کرا.

لە ڕۆژئاوای کەرکووک هێزێکی ئەمەریکی بنکەیەک بە هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵ چۆل دەکەن

پێشنیوەڕۆی دوێنێ دووشەممە 2019/9/16 هێزێکی ئەمەریکی چوونەتە شارۆچکەی دوبز لە ڕۆژئاوای شاری کەرکووک و مۆڵەتی 24 کاتژمێر دەدەن بە بنکەیەکی سەربازی هێزەکانی پۆلیسی فیدراڵ تا بنکەکە چۆل بکەن. لەمبارەیەوە پەیامنێری کوردستان تیڤی ڕایگەیاندووە: هێزە ئەمەریکیەکە مۆڵەتێکی کاتیان داوەتە پۆلیسی فیدراڵی تاوەکو بنکەکەیان بۆ چۆل بکەن و خۆیان تیایدا نیشتەجێ بن. ڕاشیگەیاندووە: هێزە ئەمەریکییەکە ئەو بنکەیە بە هی خۆیان دەزانن و بە پۆلیسی فیدراڵیان گوتووە بەر لە ڕووداوەکانی 16ی ئۆکتۆبەر ئەو بنکەیە هێزە ئەمەریکییەکانی تێدا نیشتەجێ بووە و ئێستاش دەیانەوێت بگەڕێنەوە بۆ بنکەکە و پێویستە لەماوەی 24 کاتژمێری داهاتوودا بە تەواوی چۆلیان کردبێت.



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان داکۆکی لە پێکەوە ژیان دەکات

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە یادی 50 ساڵەی کۆمەڵکوژیی گوندی سۆریای دەڤەری زاخۆ، پەیامێکی بڵاوکردەوە و وێڕای سەرکۆنەکردنی ئەو تاوانە قێزەونە، داکۆکی لە چەسپاندنی بەهاکانی پێکەوەژیانی نەتەوەیی و ئایینی لە هەرێمی کوردستان کرد لە پێناو دادپەروەری و یەکسانی گشت هاوواڵتیان. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:
لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو، ڕژێمی بەعس تاوانێکی گەورەی لە گوندی سۆریای سەر بە پارێزگای دهۆک ئەنجامدا کە لە ئاکامدا دەیان هاووڵاتی سڤیلی مەسیحی کلدانی ئاشووری سریانی و موسڵمان بونە قوربانی.
مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئەم تاوانە قێزەونە سەرکۆنە دەکات و، داکۆکی لە چەسپاندنی بەهاکانی پێکەوە ژیانی نەتەوەیی و ئایینی لە هەرێمی کوردستان دەکات لە پێناو دادپەروەری و یەکسانی گشت هاوواڵتیان.

سڵاو و درود بۆ گیانی هەموو شەهیدانی کوردستان
مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
16ی ئەیلوول 2019

تەرەمپ: لە ئامادەباشیدان بۆ ئەگەری هەر هێرشێک

سەرنجمان خستۆتە «سەر ئامانج» و چەکەکانمان پڕن

سەرۆکی ئەمەریکا، دۆنالد ترەمپ لەبارەی کردنەئامانجی کارگەکانی نەوت لە سعوودیە ئاماژەی بەوە دا کە "دەزانن ئەنجامدەرانی کێن" و "لە ئامادەباشیدان بۆ ئەگەری هەر هێرشێک".
دۆنالد ترەمپ لەبارەی کردنەئامانجی کارگەکانی نەوت لە سعوودیە لە هەژماری فەرمی خۆی لە تویتەر ڕایگەیاند "کێشگەیەکی نەوت لە سعوودیە هێرشی کرایە سەر. هۆکارمان هەیە بۆ پشوودرێژیمان لەوەی باوەڕ بکەین ئەنجامدەری کێشە، پەیوەندیدار بە پشتڕاستکردنەوە ئێمە سەرنجمان خستۆتە "سەر ئامانج" و چەکەکانمان پڕن، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە دەکەین ئەوەی لە پشت ئەنجامدانی ئەو هێرشەوەیە لە شانشینی سعوودیەوە ببیستین. سەرۆکی ئەمەریکا ئاماژەی بەوەدا کە بەپێی وەڵامی ڕیاز ئەوە دەستنیشان دەکەن کە لە چ هەلومەرجێکدا بکەونە خۆ.
دۆنالد ترەمپ تیشکی خستە سەر ئەوەی کە بۆ ئەوەی دوای ئەو ڕووداوە هەڵبەز و دابەزین لە نرخی نەوت لە بازاڕەکانی ئەمەریکادا ڕوونەدات ڕەزامەندی دەربڕیووە "بەپێی پێویست" نەوتی عەمبارکراو بەکاربهێندرێت. جێی باسە ڕۆژی شەممە لە ڕێگای فڕۆکەی بێفڕۆکەوانەوە هێرش کرایە سەر دوو کارگەی کۆمپانیای ئارامکۆ. هێرشەکە زیانی گیانی بەدوای خۆیدا نەهێنا و پەنجەی تۆمەتیش بۆ هیچ لایەنێک درێژ نەکرا، بەڵام حووسییەکان لە ڕاگەیەندراوێکدا ناڕاستەوخۆ ئاماژەیان بەوە دا کە ئەوان بە 10 فڕۆکەی درۆن هێرشەکەیان ئەنجامداوە.

پارتی بڕیاریدا لیستی یەکگرتوو لە نەینەوا پێکبهێنرێت



دوێنێ دووشەممە پارتی دەربارەی پێکهێنانی لیستی یەکگرتووی کورد لە نەینەوا کۆبوونەوە و بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی پارتیش لە مووسڵ ئاشکرای کرد، پارتی لەگەڵ یەکگرتوویی کوردە لە مووسڵ و دەشڵێ، ڕۆژی شەممەی دابێ مەکتەبی سیاسی بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو بابەتە لەگەڵ لایەنەکانی دیکەی کورد کۆدەبێتەوە.
مەناف حەسەن، بەرپرسی هەڵبژاردنەکانی پارتی لە مووسڵ بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی ڕاگەیاندووە: دوێنێ دووشەممە، دەزگای هەڵبژاردنی پارتی لەگەڵ هەرسێ لقی نەینەوای پارتی کۆ بووەوە و تێیدا پرسی بەڕێوەچوونی پڕۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکانی عێراق تاوتوێ کرا، لە ئەنجامدا بڕیاری ئەوەمان دا کورد لە نەینەوا بە یەک لیست بەشداریی هەڵبژاردن بکات، چونکە پێشتر بڕیار دراوە لە کەرکووک یەک لیستی کوردی هەبێت، پێمان وایە لەبەر ڕەوشی ئاڵۆزی ئەو ناوچانە و ئەو ستەمەی بەهۆی هەمواری یاسای هەڵبژاردنەوە لە کورد کراوە، پێویستە کورد بە یەکگرتوویی بچێتە نێو ئەو هەڵبژاردنەوە".
بەرپرسەکەی پارتی لە مووسڵ گوتیشی: ئێمە لای خۆمانەوە بڕیاری ئەوەمان دا ئامادەین لەگەڵ لایەنەکانی کورد لیستێکی کوردی پێکبهێنین، لەبەر بەژدەوەندیی گەلی کورد کادیرانی پارتی لەگەڵ ئەوەدا بوون لە هەڵبژاردنی 20ی نیسانی ساڵی داهاتوودا دەنگی کورد پەرت نەبێت. مەناف حەسەن ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: بەپێی زانیاریی ئێمە لایەنەکانی دیکەی نەینەوا وەک پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان و گۆڕان و ئیسلامی و کۆمەڵ و ئازادی و یەکسانی و ئێزیدی و کلدان ئاشووری و تورکمان و عەرەب و شەبەک و کاکەیی و ئەرمەنی و ئەوانی دیکە بەشدارییان لە هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوادا کردووە، بۆیە ئەوان بەشداریی هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنی پارێزگای نەینەوا بە لیستێکی هاوبەش دەکەن.
سەرچاوەیەکی سەرکردایەتی پارتی ڕایگەیاند: ئەگەر لیستی یەکگرتوو لە نەینەوا پێکنەهێنرێت، ئەوا پارتی بە تەنیا بەشداری هەڵبژاردنەکانی نەینەوا دەکات.
هەروەها سەرچاوەیەکی سەرکردایەتی پارتی ڕایگەیاند: ئەگەر لیستی یەکگرتوو لە نەینەوا پێکنەهێنرێت، ئەوا پارتی بە تەنیا بەشداری هەڵبژاردنەکانی نەینەوا دەکات.
ئاماژەی بەوەش کرد: بەپێی زانیاریی ئێمە لایەنەکانی دیکەی کورد کۆبوونەوەیان هەیە و ئەگەر بڕیار بێت لیستێکی هاوبەش پێکبهێنرێت، ئەوا پێویستە ئەو کۆبوونەوەیە لە ماوەیەکی کەمدا ئەنجام بدرێت.

کیم جۆنگ ئون لە نامەیەکی نوێدا داوا لە سەرۆک ترامپ دەکات سەردانی پیۆنگ یانگ بکات

دەنگی ئەمەریکا/

ڕۆژنامەیەکی کۆریای باشوور لە زاری سەرچاوەیەکی سیاسییەوە باڵاویکردەوە ڕابەری کۆریای باکوور کیم جۆنگ ئون لە نامەیەکی نوێیدا کە لە مانگی هەشتدا نێردراوە داوا لە سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترامپ دەکات سەردانی پیۆنگیانگ بکات. بەرواری نامەکە هاوکاتە لەگەڵ نوێترین تاقیکردنەوە موشەکییە مەودا کورتەکەی کۆریای باکوور، ئەمەش لە مانگی ڕابردوودا دووەم نامەی کیم جۆنگ ئون بوو بۆ سەرۆک ترامپ، لەنێوەندی وەستانی دانوستانەکانی دامالێنی چەکی ناوەکی لە نێوان دوو وڵاتەکەدا.
ڕۆژنامەی گۆنگانگ ئیلبۆ ئاماژەی بەوەدا کیم لە نامەی دووەمیدا بۆ سەرۆک ترامپ ئامادەیی خۆی پیشاندواوە بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی دیکە لەگەڵ سەرۆک ترامپدا.



وەزارەتی دەرەوەی ئێران: کۆبوونەوەی ڕوحانی و ترەمپ لە ئارادا نییە

گوتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئێران عەباس موسەوی ئاماژەی بەوەدا کە چاوپێککەوتنی سەرکۆمار حەسەن ڕوحانی و سەرۆکی ئەمەریکا دۆنالد ترەمپ لەئارادا نییە. موسەوی لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لە تارانی پایتەخت باسی لە پرسە هەنووکەییەکانی وڵاتەکەی کرد.
موسەوی ئاماژەی بەوەدا کە لەکۆتایی ئەم مانگەدا سەرکۆمار ڕوحانی سەردانی نیویۆرک دەکات بۆ بەشداری کردن لە کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاشکرای کرد وەزیری دەرەوە محەممەد جەواد زەریف کە خراوەتە لیستی سزاکانی ئەمەریکاوە ئەگەر هەلومەرجەکە گونجاو بوو بۆی، یاوەریی دەکات.
لەبارەی ئەو دەنگۆیانەی میدیای جیهانی ئاماژەی پێ دەکەن سەبارەت بە چاوپێککەوتنی ڕوحانی و ترەمپ، موسەوی گوتی: من ئەو هەواڵانە پشتڕاست ناکامەوە. بەرنایەمەیەکی لەو چەشنە لە ئارادا نییە و بڕوا ناکەم شتێکی لەو چەشنە لە نیویۆرک ڕووبدات. موسەوی ڕاشیگەیاند: وەک بەڕێز ڕوحانی دەڵێت ئێمە بۆ وێنە گرتن گفتوگۆ ناکەین.
گفتوگۆکان ئەنجامی جددییان نەبوو. وەک پێشتریش گوتوومانە ئەگەر ئەمەریکا بگەڕێتەوە بۆ ڕێککەوتنی ئەتۆمی و کۆتایی بهێنێت بە تیرۆریزمی ئابووری، دەتوانێت بەشداری بکات لە کۆمیسیۆنی هاوبەشی ڕێککەوتنی ئەتۆمی و داواکارییەکانی باس بکات.

26 ساڵ تێپەڕدەبێت بەسەر کۆنگرەی 90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر

سەرۆک بارزانی لە هەر چوار ڕۆژەکەدا ئامادەی کۆنگرەکە بووە

مومتاز حەیدەری: یەکەمین کۆنگرەی سیاسی و نەتەوەیی و زانستی بوو لە سەر ئاستی کوردستان

ئامادەکردن: بریار کۆیی


لە ڕۆژی 1993/9/14 بە ئامادەبوونی جەنابی سەرۆک بارزانی و بە سەرپەرشتی ژمارەیەک لە کەسایەتی و ڕووناکبیر و نووسەری کورد کۆنگرەی 90 ساڵەی لە دایکبوونی بارزانیی نەمر لە پیرمام بەڕێوەچوو و ماوەی 4 ڕۆژی خایاند، بەپێی گوتەی مومتاز حەیدەری کە خاوەنی بیرۆکەکە و یەکێک بووە لە ڕێکخەرانی کۆنگرەکە ئەمە یەکەمین کۆنگرەی سیاسی و نەتەوەیی و زانستیی بووە لەسەر ئاستی کوردستان، لە ماوەی چوار ڕۆژی کۆنگرەکەدا چەندین گوتار و پەیام و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە بارزانیی نەمر پێشکەشکران و دواتر لە دووتوێی کتێبێکدا بڵاوکرانەوە، حەیدەری ئامارژە بە ئەوە دەکات کە جەنابی سەرۆک بارزانی لە هەر چوار ڕۆژەکەدا ئامادەی کۆنگرەکە بووە و بەردەوام سەرقاڵی نووسینی تێبینی و زانیارییەکان بووە، وێڕای خستنەڕووی وردەکاری چۆنیەتی ئامادەکردن و بەڕێوەچوونی کۆنگرەکە لەسەر زاری خاوەنی بیرۆکەی کۆنگرەکەوە،(خەبات) چەند گوتارێکی گرنگی چەند کەسایەتییەکی بەشداربووی کۆنگرەکەدا بڵاوەکاتەوە.

بیرۆکەکە چۆن بە جەنابی سەرۆک بارزانی گەیشت؟

مومتاز حەیدەری نووسەر و مێژوونووس و توێژەری کورد لە دیدارێکی تایبەتیدا لەگەڵ (خەبات) وردەکاریی چۆنییەتی دروستبوونی بیرۆکەی کۆنگرەکە و سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردن و ناوەڕۆکی کۆنگرەکەی ئاشکرا کرد، سەبارەت بە بیرۆکەی ڕێکخستنی کۆنگرەکە گوتی: من وەک هاوڵاتییەکی کورد وەکو قەڵەمێک ئەوەی هەستم پێکرد گەورە مرۆڤەکان لە جیهاندا ئەوەندەی یادی کۆچی دوایی دەکەنەوە یادی لە دایکبوونی ناکەنەوە، بەڵام سەبارەت بە کورد ڕەوشێکی سیاسی و دژوار و نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دواکەوتوو بەڕێوەچوە گەورەترین ئەو مرۆڤانەی کە ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لە دواڕۆژدا ڕۆژی لە دایکبوونیان تۆمارنەکراوەو زۆرینەی هەرە زۆرییان نەبووتە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی لە مێژوو و ڕەوتی گەلی کوردستاندا بە هەموو بەشەکانییەوە، من بۆ یەکەمجار لە ساڵی 1970 پێشنیاری ئەوەم کرد یادی 70 ساڵەی شاعیری نیشتیمانپەروەری کورد "ڕەمزی مەلا" بکرێتەوە، لقی یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی سلێمانی بە سوپاسەوە پێشنیارەکەمیان قبوڵکرد و یادەکەیان کرد، هەرچەند منیش هات لەگەڵم دانیشت و گوتی چی بکەین باشە؟ گوتم کەوایە لیژنەیەک دروست دەکەین. گفتوگۆمان کرد و ئەو بوو بە سەرۆکی لیژنەکە و من بووم بە سکرتێری لیژنەکەو دەستنیشانی ئەندامان کرا کە دکتۆرە شوکریە ڕەسوڵ و دکتۆر خەلیل ئیسماعیل و مامۆستا مەجید حەداد و مامۆستا حەسەن و مامۆستا حەمە کەریم هەورامی، ئەو پێنج کەسە بووینە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی 90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی و دواتر لە دوای مانگی سێیە دەستمان بە کارەکانی پرۆژەکە کرد، خۆی دەبووا ئەم پرۆژەیە لە 14ی 3ی ئەو ساڵە بکرێت، بەڵام پاشان چەند مانگێک دواخرا، دواتر کە لیژنەکە دانرا یەکەم کاری لیژنەکە بانگەوازێکی نەتەوەییمان بڵاوکردەوە و خاڵەکانمان دەستنیشان کرد کە کۆنگرەیەکی وا دەبەسترێت، بەڵام کاتەکەمان دیاری نەکرد و بۆ ماوەی دوو مانگ هەر نووسەرێکی گەورە، هەر ئەکادیمیەک یان سیاسییەک گوتی: دوای ئەوەی هەموو کارەکانمان تەواو کرد، بڕیاردا دوای یادی 11ی ئەیلول واتە شۆڕشی ئەیلوول بخرێتە ڕۆژی 14ی 9ەوە، بۆ یەکەمینجار لە مێژووی نەتەوەیی و شارستانییەتی کورد دا یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەی/ زانستی لە یادی 90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی نەمر ئەنجامدراوە، کە ئەمەش بووە دەستپێشخەرێکی باش، لەو کۆنگرەیەشدا بۆ ماوەی 4 ڕۆژی نزیکەی 50 بابەتی پڕا و پڕ هەموو ڕەهەندەکانی تایبەت بە ژیانی بارزانی نەمر کە یەکەم بابەتی کۆچکردوو "عەزیز محەمەد" بوو کە بە زمانێکی عەرەبی بوو، بابەتێکی کۆمەڵایەتی و زانستی و سیاسی و نەتەوەی پڕا و پڕ بوو، ڕۆژی دواتر ڕۆژنامەی خەبات بابەتەکەی عەزیز محەمەدییان بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بڵاوکردەوە. لەو 4 ڕۆژەدا کەسانی وەکو دکتۆر فوئاد مەعسوم و مامۆستا کەریم مەحمود و مامۆستا جەلیل و ناهیدە شێخ سەلام...هتد، هەرکەس بابەتی خۆی پێشکەش کرد، تاوەکو ئێستاش کۆنگرەی لەم شێوەیە نەکراوە کە هەموو لایەنەکان تێیدا بەشدار بن و زۆر بە جوانی و زۆر بابەتیانە بەڕێوە بچێت.


ڕوونیشکردەوە کە "ئامادەبووان هەموو بە ڕاستگۆیی و بە قەناعەتەوە قسەکانیان کردووە لە دوای کۆنگرەکە 4 ڕۆژ دواتر بەیاننامەی کۆتایی دەرچوو کە لە ئەو کۆنگرەیەدا چی کراوە و چی نەکراوە و ئەنجام و گرنگییەکانی ئەو کۆنگرەیە چی بوون تۆمار کراوە و هەموو ئەو دۆکیۆمێنتانە بە نامە لە کێتێبی 90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی تۆمار کراوە، ئەوەی کە بە کوردی بۆمان هاتبوو وەرمانگێڕایە سەر زمانی عەرەبی و ئەوەشی بە عەرەبی بۆمان

بۆ یەکەمینجار لە مێژووی نەتەوەیی و شارستانییەتی کورددا یەکەمین کۆنگرەی نەتەوەی/ زانستی لە یادی 90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر ئەنجامدراوە.



یادی 100 ساڵەی بارزانی دیسان سەرۆک بارزانی بڕیارێکییان دەرکرد ئەوجارە لیژنەکە بۆ خۆیان دایانمەزراند نەک ئێمە، لیژنەکە پێکهاتبوو لە نوێنەری ڕۆژنەی حزبە سیاسییەکان، عەزیز محەمەد سەرۆکی لیژنەکە بوو، مەلا حەسەن نوێنەری شیوعی بوو، نوێنەری حزبی ئاشووریشی تێدا بوو، هەموو ڕێکخراوەکان هەتا یەکێتیی زانایانی کوردستانیش نوێنەریان هەبوو، کە موحسین دزەیی و من ئەندام بووین لەگەڵ چەند کەسێکی تر و دیسان کاک فەلەکەدین سەرۆکی لیژنەکە بوو و من تەنیا بەشێک بێت لە پارتی دیموکراتی کوردستان پێویستە بەشێک بێت لە کوردایەتی هەموو سەرکردەکانمان بە هەموو نەتەوە و ڕەنگەکانیانەوە دەبێت بەشێک بن لە کوردایەتی نەک تەنیا حزبێکی دیاریکراو. لەمیانەی دیدارەکەدا مومتاز حەیدەری ئەوەشی ئاشکرا کرد کە ڕێزدار سەرۆک بارزانی لە هەر چوار ڕۆژی کۆنگرەکەدا ئامادە بووە و بەردەوام تێبینییەکانی نووسیوەتەوە، دەشڵێ: لە یەکێک لە ڕۆژەکانی کۆنگرەکە جەنابی سەرۆک پەیوەندییەکی تەلەفۆنیی بۆ هاتووە







لە کۆنگرەکەدا چەندین گوتار و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ژیان و کەسایەتی و ڕۆڵی بارزانیی نەمر پێشکەش کران

بابەتێکیان لەبارەی جەنابی مستەفا بارزانیی نەمر "بارزانی و سوپا، بارزانی وەکو پێشمەرگە، بارزانی وەکو سەکردە...هتد" کۆمەڵە باسێکن، ئەو شتانە لە کۆنگرەکە کراوە دواتر وردە وردە باسمان بۆ هات، ئێمە باسەکانمان دەخوێندەوە و هەمووییان کورد بوون، بەڵام زۆربەیان لە دەرەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوون، زۆربەیان کەسانی ئەکادیمی و نیشتیمانپەروەر و سیاسی و نەتەوەپەروەر بوون".

ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتیی ناسراوی کورد لە زۆرینەی حزبە کوردییەکان ئامادەی بوون

مومتاز حەیدەری تیشکی خستە سەر سەرەتاکانی ئامادەکاری بۆ کۆنگرەکە و هاتبوو کردمانەوە کوردی، ئەو کتێبە زۆر بە کورتی گرنگی ئەو بەیاننامەیە بوو بوو بە خاڵێکی گەش لە مێژووی شارستانییەتی کورددا کە گەورە مرۆڤەکانی کورد یادییان بکرێتەوە.

کۆنگرەی یادی 100 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر بۆ نەکرا؟

مومتاز حەیدەری ئاشکراشی دەکات کە بیرۆکەی کۆنگرەی یادی 100 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر لە ئارادابووە و لیژنەشی بۆ پێکهێنراوە بەڵام جێبەجێنەکراوە لەمبارەیەوە وردەکارییەکەی و هۆکاری جێبەجێنەکردنەکەشی خستەڕوو و گوتی: من پێشنیارم کرد و لە پێشەکی کتێبی 90 ساڵەدا نووسراوە بەرەو سکرتێری لیژنەی یادی 100 ساڵەی بارزانی بووم، ئەویش هەموو کەرەستەکانی ئامادە کرا بەڵام کارەساتی 1ی شوباتی بەسەرداهات کە پێشنیارمان کرد بۆ جەنابی سەرۆک بەهۆی ئەو کۆستە گەورەیەوە لەبری کۆنگرە کتێبێک بنووسرێت و ئەوەبوو جەنابی سەرۆک ڕەزامەندی دا.

حەیدەری دەشڵێ: شانازی بەوە دەکەم کە وەکو کوردێکی سەربەخۆ ئەو پڕۆژەیەم پێشکەشی جەنابی سەرۆک کردووە و کارم تێیدا کردووە کە زۆر بە جوانی جێبەجێ کرا و بوو بە بەشێک لە مێژووی شارستانی کوردیدا لە دەرەوەی حزبایەتی و سیاسەتی حزبەکان.

داوایەک ئاراستەی سەرکردایەتی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان دەکرێ

ئەو مێژوونووسەی کورد کە خاوەنی بیرۆکە و یەکێکیش بوو لە ئامادەکارانی کۆنگرەی 90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر دەشڵێ: ئامانج لەو کۆنگرەیە ئەوەبوو کە نابێت بارزانیی نەمر و ڕووخسەتی لە ئامادەکارانی کۆنگرەکە وەرگرتووە بۆ ئەوەی بچێتە دەرەوە و تەلەفۆنەکە وەڵام بداتەوە لە ماوەیەکی کورتدا.

لە کۆتایی دیدارەکەدا حەیدەری گوتی کە پێویستە سەرکردایەتی سیاسی پارتی کەمتەرخەم نەبن لە یادکردنەوەی ئەو کۆنگرانە بەڵکو کار بۆ کۆنگرەی دیکەش بکەن.

لە پاش کۆنگرەکە کتێبی کۆنگرەی90 ساڵەی لەدایکبوونی بارزانیی نەمر چاپکرا کە بە سەرپەرشتی و ئامادەکردنی هەریەک لە مومتاز حەیدەر و نەژاد عەزیز سورمێ بووە، لەو کتێبەدا سەرجەمی ناوەڕۆکی کۆنگرەکە و ئەو گوتارە و لێکۆڵینەوانەی کە ماوەی ئەو 4 ڕۆژەدا پێشکەش کراون خراوەتە ڕوو کە لەنێویاندا کەسایەتی سیاسیی ناوداری کورد لە زۆرینەی حزبە سیاسییە کوردییەکان هەن، لێرەدا کورتەیەک لە گوتار و پەیامی چەند کەسایەتییەکی بەشداربووی کۆنگرەکە دەخەینە ڕوو.

چەند دێڕێک لە گوتار و پەیامی چەند کەسایەتییەکی ناوداری کورد کە لە کۆنگرەکەدا پێشکەشکران:

مەحمود زامدار: "لە پێشدا ئەمەوێ ئەوە بڵێم: بۆ بارزانی خۆشەویستە و خۆشەویستی ملیۆنەها کوردی شەیدایە؟ بۆ بارزانی بە مەزنترین سەرکردە لەقەڵەم دەدرێ؟ بۆ کە ناوی بارزانی دێ شریتی فیلمێکی درێژی تراژیدیای پڕ لە ئەرژەنگ و کارەسات و هەنگامە و قارەمانێتی و داستانی پێشمەرگایەتی فڕێم فڕێم و بە خێرایی لە بەر دیدەماندا کەرویشکە ئەکا ئەی بۆ تا ئێستاش هەزاران کەس هەن و دەڵێن و ڕاستیش دەکەن کە: نەتەوەی ئێمە لەلای زۆر نەتەوەکانی تر و داموەزگاکانیان هەر بە بارزانییەوە ناسراون؟ بۆ کە ئەوترێ (بارزانی) هەزاران دێمەن ڕەنگینە کەوانەی شاخ و دۆڵ و نسرم و لێرەوار و بنار و لوتکە و قەدپاڵ و لاشان و شکەفت و ڕووبار و کانیاو و جەنگەڵەت دێتە بەر دڵ و دیدە....؟

عەزیز محەمەد : "زەحمەتە قسە لە بارەی مستەفا بارزانییەوە بکرێ و بڕێک لە مافی خۆی پێبدرێ ئەگەر بێ و بناوان و کاروانی تێکۆشانی ئەو نەناسرێ کە دەیان ساڵی خایاند. ئەرکێکی ئاوهاش بواری لێکۆڵینەوەیەکی بەتوانایە کە دەستهاوێژ و کتێبخانەیەکی تێروتەسەلیشی لەو بارەیەوە لە پاڵدا بێ نەک بواری بابایەکی ڕێبوار کەپشت بە بیرێکی کول ببەستێ. بارزانی لە ناو سەختیدا لە دایکبوو هێشتا منداڵ بوو گوێبیستی چەوسانەوە و گرتووخانە بوو و تیایاندا ژیا، واتە دەشێ بگوترێ قاڵبوونی شۆڕشگێرانەی ئەو کەوتبووە پێش هۆشە سیاسی و نەتەوەییەکەی لەسەر سنووری هەردوو سەدە و لەناو ئەو زوڵم و زۆرە سەختەدا لەدایکبوو کە بەرەوڕووی کەسوکار و گەلەکەی ببوو وەک ئەوەی بۆ ئەوە لە داکیبووبێ بەرەنگاری ئەم زۆردارییە ببێتەوە و پاشانیش لێی ڕاپەڕی.

فوئاد مەعسووم: "جەنابی مەلا مستەفای بارزانی یەکێکە لەوانەی لە هەرە سەرەوەیە و لە لوتکەیە بۆیە یادکردنەوەی مەلا مستەفای نەمر شانازییە بە میژووی خۆمان، شانازییە بە ڕابردووی خۆمان، بە خەباتی خۆمان، من یەکێکم لەوانەی کە شەڕەفی ئەوەم هەبوو چەند جار بە خزمەتی بگەم و هەندێ جار دەرسی زۆر گەورەم لێوەرگرتوو، جارێکیان لە دەرەوە یاداشتێک نووسراوە بۆ کۆنگرەی سەرۆکایەتی عەرەب لەوێ فەقەرەیەک هەبوو دەڵێ ئەگەر مەسەلەی کورد لە عێراق چارەسەر نەکەن کوردستان دەبێتە (قوبرس) من یاداشتەکەم بۆ دەخوێندەوە وەستا و گوتی جارێکی تریش بۆم بخوێنەوە، منیش جارێکی تر بۆم خوێندەوە.. گوتی ئەوە کێ نووسیویەتی وتم فلانە کەس ئیتر سوێندی دام کە هەندێ قسە بوو کە زۆر تووند بوو، گوتی دەبێ پێی بڵێی.. چونکە هەڕەشەکردن حدودی خۆی هەیە، وتی ئێستا پێت بڵێم لێت تووڕەببم بڵێم ئەو شاخەت پێدادەدەم، گوتی پێدەکەنی هەڕەشەکەم بە هیچ نازانی، بەڵام پێت بڵێم خۆم دەزانم چ دەکەم وتی دەترسی، وتی بۆیە ئاگاتان لە قسەبێ لە دەرەوە کە شت دەنووسن بە تەوازعەوە بینووسن و وەها تەحدید مەکەن ئێمە لە کوێ و (قوبرس) لە کوێ، بەڕاستی ئەوە تا ئێستا لە گوێم دەزرنگێتەوە".

سامی عەبدولڕەحمان: "من وەکو هەڤاڵێکی ڕێگای بارزانی وەکو قوتابییەکی ئەو دەمەوێ چەند تێبینی و سەرنجێک دەربارەی ئەم مرۆڤە مەزنە بەشداری لەو کۆنگرەیەدا بکەم، چونکە چەند جارێکی دیکەش بەشداریم کردووە لە یادی بارزانی، لەو باوەڕەدام کە زۆربەی ئەو کەسانەی دەچوونە دیتنی بارزانی هەستیان دەکرد کە لە حزووری پیاوێکی زۆر گەورەن، لە حزووری مرۆڤێکی بە هەیبەتن ئەو هەیبەتەی کە لە دووڕووە هەستی پێدەکرا و دەردەکەوت بەبێ تەکلیف و بەبێ مەزاهر کاتێ جەنابی بارزانی ئیحترامی پێشکەش کەسێک دەکرد هەستت دەکرد کە ئیحترام و وەقاری خۆی زیاتر دەبوو و پتر دەبوو، پێشمەرگەکانی بارزانی پەیڕەوانی ڕێگای بارزانین لە ڕێگای دوورەوە لە ڕێگای سەدەها کیلۆمەتر هەستیان بە حزووری ئەو دەکرد و دەیان گوت چ بە ئاشکرا یا لە دڵی خۆیاندا کاتێ ئەم کارە دەکەم ئایا بارزانی چۆن تەماشای کاری من دەکا بە باش یان بە خراپ رازی دەبێت یان عادز دەبێت".

خەبات
ستێ شەمە 2019/9/17 ژمارە (5829)

سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لە دیمانەیەکی تایبەت بۆ خەبات

لە سیستەمی بۆڵۆنا پڕۆسس قوتابی دەبێتە سەنتەری خوێندن و چالاکییەکان

بۆ ئەمساڵی خوێندن نزیکەی 6 هەزار قوتابی وەردەگرین

کاتژمێرەکانی خوێندن ڕێکدەخرێتەوە بەشێوەیەک کە هەمووی دەبێتە کریدیت



دیانە – خەبات

لە دیمانەیەکی تایبەت بۆ خەبات، پ.د.ئەحمەد دزەیی سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ڕایدەگەیەنێ، ئەمساڵ سااڵنێکی جیاواز دەبێت بۆ ئێمە، بە تایبەت کە ئێمە لە قۆناغی خۆئامادەکردنین بۆ جێبەجێکردنی بۆڵۆنا پڕۆسیس، هەر چەندە لە کۆلێژی ئەندازیاری ئەم سیستەمە لەمساڵەوە دەست پێدەکرێت. سەرۆکی زانکۆی سەلاحەدین لەم دیدارەدا باسی چەندین پرس و کێشەو گرفتی پەیوەند بە قوتابی و مامۆستا و خوێندنی بااڵ دەکات. ئەمەش دەقی دیمانەکەیە:

*** بەپێی سااڵنامەی خوێندن ئەمساڵ کەی لە زانکۆی سەلاحەدین دەست بە خوێندن دەکرێت؟**

– بەپێی سااڵنامەی زانکۆ کە ئێمە هەموو ساڵێک بۆ ساڵی داهاتوو دایدەنێین، ئەمساڵ لە 9/22 پڕۆسەی خوێندن لە سەرجەم کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین هەولێر دەستپێدەکات. بەاڵم دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەمساڵ ساڵێکی جیاواز دەبێت بۆ ئێمە، بە تایبەت کە ئێمە لە قۆناغی خۆئامادەکردنین بۆ جێبەجێکردنی بۆڵۆنا پڕۆسیس، هەر چەندە لە کۆلێژی ئەندازیاری ئەم سیستەمە لەمساڵەوە دەست پێدەکرێت. سەرۆکی زانکۆی سەاڵحەدین لەم دیدارەدا باسی چەندین پرس و کێشەو گرفتی پەیوەند بە قوتابی و مامۆستا و خوێندنی بااڵ دەکات. ئەمەش دەقی دیمانەکەیە:

*** بەپێی سااڵنامەی خوێندن ئەمساڵ کەی لە زانکۆی سەلاحەدین دەست بە خوێندن دەکرێت؟**

– بەپێی سااڵنامەی زانکۆ کە ئێمە هەموو ساڵێک بۆ ساڵی داهاتوو دایدەنێین، ئەمساڵ لە 9/22 پڕۆسەی خوێندن لە سەرجەم کۆلێژەکانی زانکۆی سەلاحەدین هەولێر دەستپێدەکات. بەاڵم دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەمساڵ ساڵێکی جیاواز دەبێت بۆ ئێمە، بە تایبەت کە ئێمە لە قۆناغی خۆئامادەکردنین بۆ جێبەجێکردنی بۆڵۆنا پڕۆسیس، هەر چەندە لە کۆلێژی ئەندازیاری ئەم سیستەمە لەمساڵەوە دەستی پێدەکرێت.

*** ئایا بۆڵۆنا پڕۆسس چۆن جێبەجێ دەکرێت و سوودەکانی ئەم سیستەمە چییە؟**

– وەک خۆ ئامادەکردنێک بۆ ئەم سیستەمە، ئێمە لە زانکۆی سەلاحەدین هەموو ئەو ئامادەکارییانەمان کردووە کە پێویستە بۆ ئەم سیستەمە، بەاڵم تەنها ئەمساڵمان کردە ساڵی خۆئامادەکردن و زەمینەخۆش کردن بۆ ئەم سیستەمە.

*** بەپێی سااڵنامەی خوێندن و سیستەمی سمیستەر، ئایا پشووەکانی خوێندن چۆن دەبێت؟**

– بەپێی ئەوەی لەسەری ڕێکەوتین ئێمە ئەمساڵ پشووەکانمان بەم شێوەیە دەبێت، کە هەفتەیەک بۆ پشووی نێوان هەردوو سمیستەرەکە، هەفتەیەکیش بۆ جەژنی نەوڕۆز، لەگەاڵ جەژنی ڕەمەزان، لە دەرەوەی ئەوە ئێمە پابەند نابین بەو پشوانەی دیکە بۆ ئەوەی بتوانین بەپێی سیستەمی خوێندن پڕۆگرامەکان تەواو بکەین.

*** زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر ئەم ساڵ پالنی چۆنە بۆ وەرگرتنی قوتابیان؟**

– دوای پەسەندکردنی پالنەکەمان لە ئەنجومەنی وەزارەت، ئێمە ئەمساڵ نزیکەی 6000 شەش هەزار قوتابی وەردەگرین، سەرەڕای ئەوەی ساڵانی پێشوو لەم ژمارەیە کەمترمان وەردەگرت و کێشەی باڵەخانەو بەشە ناوخۆییشمان هەبوو. بەپێی پالنەکە زانکۆی سەلاحەدین بە سێ شێواز قوتابی وەردەگرێت. شێوەی یەکەم کە زانکۆاڵینە، ئەویش یان لەڕێگەی ڕاستەوخۆ و تاقیکردنەوە دەبێت لە هونەرە جوانەکان و ڕاگەیاندن و وەرزش و زانستە ئیسالمییەکان، یانیش بەشێوەی کریدیت. لە زانکۆ اڵین 4000 چوار هەزار قوتابی وەردەگرین. شێوازی دووەمیش بە پاراڵێلە، ئەویش1000 قوتابی وەردەگرین، بەاڵم دەبێت ئەوە بڵێین ڕاستە بڕێک پارە لە قوتابی وەردەگیرێت، بەاڵم جیاوازی نمرەکان بەشێوەیەکی زۆر نییە، بەڵکو چەند نمرەیەک جیاواز دەبێت. هەروەها شێوازی سێیەمیشمان دەبێت ئەویش خوێندنی ئێوارانە، کە نزیکەی 1000 هەزار قوتابی وەردەگرین، ئەوانیش چەند بەشێکن لە کۆلێژەکانی پەروەردە و ئاداب و پەروەردەی بنەڕەتی و کارگێڕی و ئابووری. سەرەڕای ئەمانەش نزیکەی150 مامۆستای بنەڕەتی وەردەگرین لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی.

*** ئەمساڵ ژمارەیەکی زۆری قوتابی وەردەگرن، لەگەڵ ئەوەش لە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری ئەوە هەیە کە داهات دەبێت بگەڕێتەوە وەزارەتی دارایی، ئایا ئەمە کێشەتان بۆ دروست ناکات لە پڕۆسەی خوێندن؟**

– ئێمە کێشەمان بۆ دروست دەبێت ئەگەر دەسەاڵتی ڕاستەوخۆی بەکارهێنانمان نەبێت، چونکە کارەکانی ئێمە پێویستی بە پەلەکردنە، بۆیە ئەگەر دەسەاڵتی بەکارهێنانمان نەبێت، دووچاری ڕۆتیناتی کارگێڕی زۆر دەبینەوە، ئەمەش بەشێکی زۆری کارەکانمان پەک دەخات، بەتایبەت ئەوەی پەیوەستە بە دابینکردنی بااڵخانە و بەڕێوەبردنی بەشە ناوخۆییەکان. بەاڵم ئێمە لە وەزارەتی خوێندنی بااڵ کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتی دارایی کردووە، ئەوانیش تێگەیشتنێکی باشیان هەبووە بۆ تایبەتمەندی کارەکانی ئێمە. لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە زانکۆ تەنها بەو داهاتە بەڕێوەناچێت کە بەدەستی دەهێنێت، بەڵکو هەموو ساڵێک پێویستی بە داهاتی وەزارەتی دارایی بووە بۆ ڕاییکردنی کارەکانی. ساڵانە 9 ملیار تا 10 ملیار لە الیەن وەزارەتی دارایی بۆ دابین دەکرێت، هەروەها نزیکەی 4 ملیار داهاتمان دەبێت، کە یەک ملیار بۆ وەزارەتی خوێندنی بااڵ و وەزارەتی دارایی دەگەڕێتەوە. ئەو سێ ملیارەی لە داهاتی خۆمان بۆمان دەمێنێتەوە زۆر هاوکاری کردووین لە ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانمان و پڕۆگرامەکانی خۆمان جێبەجێ دەکەین. ئەگەر 100% بگەڕێتەوە بۆ وەزارەتی دارایی ئەوە ڕۆتینیاتی کارگێڕی بەشێکی زۆری کارەکانمان دەوەستێنێت. بۆیە ئێمە داوامان لە وەزارەتی دارایی کردووە ڕێنماییەکان هەبە. چەندین کۆبوونەوە ئەنجام دراوە لەسەر ئاستی یاریدەدەرانی سەرۆک زانکۆکان بۆ ئەوەی ڕێنمایی نوێ دەربچێت بۆ چۆنیەتی دەستپێکردنەوەی پالنەکانی خوێندنی ماستەر و دکتۆرا، پاشانیش دەبێت ئەم مەرجانە لە ئەنجومەنی وەزارەت پەسەند بکرێت. ڕەنگە بۆ کۆرسی زستانە بتوانین دەست بە کۆرسەکان بکەین. هەروەها وا بڕیارە پێداچوونەوە بە مەرجەکان بکرێت لەوانە مەرجی زمان و تەمەن و باڵوکردنەوەی تۆێژینەوە و شێوازی سپلیت سایت.

*** ئایا پالنی ڕێکدەخرێتەوە بەشێوەیەک کە هەمووی دەبێتە کریدیت بۆ هەموو قۆناغەکان دەبێت؟**

– سیستەمی کریدیت بۆ هەموو قۆناغەکان دەبێت، بەاڵم ئەوە ڕاستە کە ئەمساڵ بە شێوەیەکی سەرەتایی دەست بە کریدیت دەکەین

بەرپرسی لقی دووم: نەوزاد هادی خزمەتێکی زۆری بە شاری هەولێر کرد



ڕۆژی 16ی ئەیلوولی 2019، ئەحمەد کانی ئەندامی ئەنجومەنی سەرکردایەتی و بەرپرسی لقی 2ی پارتی دیموکراتی کوردستان بە یاوەری کارگێڕانی لق، سەردانی پاریزگاری پێشووی هەولێر نەوزاد هادیان کرد.

لەو سەردانەدا، بەرپرسی لقی 2 دەستخۆشی لە نەوزاد هادی کرد کە لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا خزمەتێکی بەرچاوی پێشکەشی شاری هەولێر کرد و، شارەکەی نیشتیمانەکەی خۆیان کردووە.

لە بەرامبەردا، نەوزاد هادی سوپاسی ستایش و پێزانینی بەرپرسی لقی دووی پارتی دیموکراتی کوردستانی کرد و ئاماژەی بەوە کرد کە لە ماوەی چەند ساڵەی پۆستی پاریزگاریدا هەمیشە خۆی بە بەرپرسیار زانیوە بەرانبەر کێشە و گرفتەکانی هاوڵاتیان و ئومێدی ئەوەی کرد هاوڵاتیانی شاری هەولێر لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا لە خزمەتەکانی ڕازی بووبن.

کرد بە نموونەی ئاوەدانی و پێشوەچوون، هاوکات پیرۆزبایی دەستبەکاربوونی نوێیان لێی کرد وەک ڕاوێژکاری بەرێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و ئومێدی سەرکەوتنیان بۆ خواست لە ئەرکە نوێیەکەیدا.

ئەحمەد کانی پێشی وابوو هەر پلەو پۆستێک بەرپرسیارەتی گەورەن و دەرفەتێکە سەرکەوتنی تێدا تۆمار بکرێت، میللەتیش ئەوانە لە بیر ناکات کە ڕۆژگارێک خزمەتیان بە

بڕیارە ئەو پێشمەرگانەی لە کاتی ئەرکدا گیانیان لە دەست داوە بە شەهید هەژمار بکرێن

لێژنەیەک بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو پێشمەرگانەی لە سااڵنی ڕابردوو گیانیان لە دەست داوە پێک هاتووە و بە گوتەی سەرۆکی لێژنەی شەهیدانیش، کار بۆ ئەوە دەکرێت ئەوانەی لە کاتی ئەرکدا گیانیان لە دەست داوە، بە شەهید هەژمار بکرێن.

سەوسەن گەردی، سەرۆکی لێژنەی شەهیدان و جینۆساید لە پەرلەمانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "سااڵنی ڕابردوو بە هۆکاری جیاواز ژمارەیەکی بەرچاو پێشمەرگە لە کاتی ئەرکدا گیانیان لە دەست داوە و لێژنەیەک لە وەزارەتی کاروباری شەهیدان و پێشمەرگە پێک هاتووە بە مەبەستی لێکۆڵینەوە لە یەکلاکردنەوەی دۆسیەی ئەو پێشمەرگانە، چونکە نایشارینەوە لەوانەیە تێکەڵییەک هەبێت لە تۆمارکردنی ئەو برا پێشمەرگانە و مەرج نییە هەموویان لە کاتی دەوامدا گیانیان لە دەست دابێت". سەرۆکی لێژنەی شەهیدان دەشڵێت: "لێژنەکە هەڵدەستێت بە یەکلاکردنەوەی دۆسیەی هەموو ئەو پێشمەرگانەی لە ڕابردوودا گیانیان لە دەست داوە و ئەوانەی لە کاتی ئەرکدا یان لە ڕێگای چوونیان بۆ دەوام بە هەر هۆکارێک گیانیان لە دەست دابێت، جیا دەکرێنەوە لەوانەی لە ماڵ و شوێنی دیکە گیانیان لە دەست داوە". گەردی ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: "دوای یەکلاکردنەوەی ناوی ئەو پێشمەرگانە، بڕیار لە چارەنووسیان دەدرێت، چونکە بەپێی یاسا بە شەهید هەژمار ناکرێن، بەاڵم ئێمە کار بۆ ئەوە دەکەین بڕیارێکی تایبەتیان بۆ دەربکرێت و بە شەهید هەژمار بکرێن، لەبەر ئەوەی مادام لە کاتی ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتیدا گیانیان لە دەست داوە، پێویستە ئەوە لە بەرچاو بگیرێت و بە شەهید هەژمار بکرێن".

وەزیری ئەوقاف: کوردستان ماڵ و خانەخوێیەکی بەئەمەک بووە بۆ هەموو ئەوانەی ڕوویان تێکردوە



د. پشتیوان سادق وەزیری ئەوقاف و کاروباری ئایینی بەئامادەبوونی خالید جمال ئەلبێر بەڕێوبەری گشتی کاروباری مەسیحیەکان پێشوازی کرد لە کڵێسای The Church of Je-) sus Christ of Latter-day Saints)ئەمەریکی

بەگەرمی بەخێرهاتنی شاندی میوانی کرد بۆ هەرێمی کوردستان، شاندی میوان خۆشحاڵی خۆیان بەدیداری بەڕێز وەزیری ئەوقاف ڕاگەیاند کە ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوەکە یارمەتی و هاوکاریە بۆ ئاوارە و پەنابەرانی جیهان بگشتی، بۆ ئەمەش چەندین یارمەتی مرۆیی پێشکەش بەئاوارەکان کردووە ئەوانەی پەنایان بۆ کوردستان هێناوە، جگە لەمەش هانی پەنابەران دەدەن و پشتیوانیان دەکەن بۆ ئەوەی پشت بەخۆیان ببەستن.

ئەم هاوکاریانە هەمەلایەنەیە لەڕابردوودا هاوکاری ئێزیدی و کریستیانەکان کراوە، بەتایبەتی ئەوانەی پێویستیان پێ بووە، دواتر وەزیری ئەوقاف داوای کرد کە ڕێکخراوەکە بەردەوام بێت بە ئەنجامدانی کاری مرۆڤایەتیکانیان.

وەزیری ئەوقاف ڕایگەیاند کە هەرێمی کوردستان لانەی ئاوارەو بێ نەوایان بووە بۆ ئەمە لەڕابردوودا نزیکەی2 ملیۆن ئاوارە ڕوویان لەهەرێم کردووە و خزمەتگوزاریان بۆ دەبێن کراوە بۆ ئەمەش کوردستان ماڵ و خانەخوێیەکی بەئەمەک بووە بۆ هەموو ئەوانەی ڕوویان تێکردوە، هەروەها وەزیری ئەوقاف تەئکیدی لەبرایەتی و خۆشەویستی و پێکهاتەکانی کوردستان کردەوە و ڕایگەیاند: پێکەوەژیان لە کوردستاندا نموونەیە بۆ هەموو جیهان.

وەزیرێ شارەوانی و گەشت گوزارێ سەرا پروژا ئاڤا دهوک ل خراب دێمی دا



خەبات ـ دهوک

ساسان عەونی وەزیرێ شارەوانی و گەشت گوزارێ و فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ جێگرێ پارێزگەرێ دهوکێ ب وەکالەت و قایقامێ قەزا سێمێلێ و شاندێ دگەلدا سەرا پروژێ ئاڤا دهوک ل خراب دێمی ل سەر روبارێ دجلە دا وژنێزیک سەحکرە ڕەوشا پروژەی.

بربار ئەو وەزیرێ شارەوانی و گەشت وگوزار سەرا چەند فەرمانگەهێن وەزارەتێ ل سنورێ پارێزگەهێ بدەت و ژنێزیک هایداری ڕەوشا وان فەرمانگەها ببیت.

یەکێتیی قوتابیان: تێبینیمان لەبارەی سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان هەیە



سکرتێری یەکێتیی قوتابیانیش دەڵێ، تێبینییان لەسەر سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان هەیە و لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا کۆدەبنەوە.

نێچیرڤان کەلاری، سکرتێری یەکێتیی قوتابیانی کوردستان، بە ماڵپەڕی فەرمیی پارتی دیموکراتی کوردستانی ڕاگەیاند: "ئێمە تێبینیمان لەسەر سیستەمی وەرگرتنی قوتابیان هەیە و پێمان وایە ئەم ژمارە بۆ کورسیی پارالێل زۆرە، لەبەر ئەوەی زیاتر لە 51 هەزار قوتابیی دەرچووی پۆلی شەشی ئامادەیی لە هەرێمی کوردستان هەیە". سکرتێری یەکێتیی قوتابیان دەڵێت: "خوێندنی باڵا هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە، گوایە توانای وەرگرتن هەر ئەوەندەیە، بەاڵم خوێندنی پارالێل بە هەمان شێوەی خوێندنی گشتییە و پێکەوە دەخوێنن و یەک پڕۆگرامیان هەیە و یەک شوێنە، واتە پێکەوە هەموویی یەک سیستەمە تەنیا جیاوازی ئەوەی پارالێل لە کۆمەڵە قوتابیان هەندێکی پارەیە، ئەوەی کە هەیە ڕێژەی کورسیی خوێندنی شوێنی پرسیارە، چونکە ئەگەر توانای وەرگرتن 24 هەزار کورسییە، ئەو هەزاران قوتابییەی لە سیستەمی پارالێل وەردەگیرێن، لە کۆی شوێنیان بۆ دەکرێتەوە".

کەلاری ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد: "سیستەمی پارالێل لە زۆر وڵاتی جیهاندا هەیە و لاریان لە هەبوونی سیستەمەکە نییە، بەڵکو تێبینیمان لەسەر ئەو ژمارە زۆرەی کورسی هەیە بۆ سیستەمی پارالێل دیاری کراوە، خۆ ئەگەر ژمارەکە سنووردار بووایە و کەمتر لەوەی ئێستا هەیە، کێشەمان نەبوو".

نێچیرڤان کەلاری ڕوونی کردەوە: "وەک یەکێتیی قوتابیان دیراسەتی ئەو پرسە دەکەین و لە بەشی کاروباری قوتابیان پێداچوونەوەی بۆ دەکرێت و دواتر لەگەڵ وەزارەتی خوێندنی باڵا و تێڕوانینەوەی زانستی دانوستان دەکەین تا هۆکاری ئەوە بزانین بۆچی ئەو ژمارە زۆرەی قوتابی بە سیستەمی پارالێل وەردەگیرێن".

پرسەو سەرەخۆشی

هەڤالێ بەرێز عەزیز کوێخا ڕەسوڵ

بەداخەوە هەواڵی کۆچی دوایی خاتوو (فاتیمە ڕەسوڵ قادر)ی دایکی بەرێزتانمان بیست.

بەو بۆنە خەمناکەوە پرسە و سەرەخۆشیمان ئاراستەی ئێوەی بەرێز و تەواوی خانەوادە و کەسوکار و ئاشنایانتان دەکەین و شەریکی خەمتانین.

لەخودای گەورە داواکارین سەبووری و ئارامی بەهەموو لایەک ببەخشێت و گیانی دایکی کۆچکردوویشتان بە بەهەشتی بەرین شاد بکات..

إنا لله و إنا إليه راجعون

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی

پارتی دیموکراتی کوردستان

ژمارە یەکەمەکانی ئۆتۆمبێلی هەڵبجە خرانە زیادکردنی ئاشکراوە، بەاڵم هیچ یەک لەو ژمارانە نەفرۆشران

بە ئامادەبوونی پارێزگاری هەڵبجە و بەرپرسانی کارگێڕی پارێزگاکە ژمارە یەکەمەکانی ئۆتۆمبێلی هەڵبجە خرانە زیادکردنی ئاشکراوە، بەاڵم هیچ یەک لەو ژمارانە نەفرۆشران.

لەو بارەوە بەڕێوبەری کاروباری یاسایی لە ئەنجوومەنی پارێزگای هەڵبجە، زانا محەمەد گوتی: "بەپێی بەیانی ژمارە 6ی ساڵی 2019 وەزارەتی ناوخۆ و بەیانی تایبەت بە فرۆشتنی ژمارە نایابەکانی تابلۆی ئۆتۆمبێلەکانی پارێزگای هەڵبجە لە ژمارە 1 تا ژمارە9 ئێمە وەک هەنگاوی یەکەم لە ڕۆژنامە و کەناڵەکان بانگەوازمان بڵاوکردەوە و داوامان لە هاووڵاتییان کرد بەشداری بکەن بەپێی یاسای ژمارە 32ی ساڵی 1986 ئەمڕۆمان دیاری کرد بۆ ئەو زیادکردنەکەدا ئەو بڕە پارەیەی کە دیاریکرابوو وەک بارمتەی یاسایی، بڕی لەسەدا بیستی نرخی خەملێنراویان پێشکەش نەکردبوو و ئێمە بەپێی یاساکە بۆ جاری دووەم بانگەواز بۆ ئەم زیادکردنە دەکەین لە هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان و عێراق و لە نزیکترین کاتدا کاتەکە دیاری دەکەین و ماوەی 15 ڕۆژ دیاری دەکەین و داواش لە هاووڵاتییان دەکەین کە ئەو بڕە پارەیە کە دیاریکراوە بۆ بارمتە ئامادەی بکەن".

زانا محەمەد باسی لەوە کرد کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆوە لە ژمارە 1 تا ژمارە10001 نرخەکەی خەملێنراوە وە لەدوای ئەو ژمارە لێژنەیەک هەیە بە سەرۆکایەتی قایقامی هەڵبجە نرخەکان دیاری دەکرێن.

زانا محەمەد لەبارەی داهاتی ئەو تابلۆیانەش گوتی: "بەپێی بەیانی ژمارە 6ی وەزارەتی ناوخۆ و ڕەزامەندی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران ئەو داهاتە بۆ پارێزگای هەڵبجە دەبێت لەسەدا 80ی بۆ پڕۆژەکان و بوژانەوەی هەڵبجە دەبێت و لەسەدا 20یش بۆ پەرەپێدانی هاتوچۆی هەڵبجە دەبێت".

ب پشکداریا 43 کومپانیا پێشانگەها دهوک یا نیڤ دەولەتی یا هەمە ڕەنگ هاتە ڤەکرن

خەبات ـ دهوک

ل دەڤەرا ئالوکا ل سنورێ قەزا سێمێلێ ب چاڤدێریا فەرهاد ئەمین ئەتروشی پارێزگەرێ دهوکێ یا نیڤ دەولەتی یا هەمە ڕەنگ هاتە ڤەکرن. پشتی ڕێ و ڕسمێن ڤەکرنێ پارێزگەرێ دهوکێ و یێن دگەلدا گەریانەک ل ناڤ پێشانگەهێ کر و ژنێزیک سەحکرنە کەل و پەلێن خارنێ و یێن ناڤ مالێ و ئامیرەتێن ترومبێلا و ئەلکترونیات و ئامیرەتێن کارەبێ یێن دناڤدا هاتینە بەرچاڤکرن. پارێزگەرێ دهوکێ دەست خوشی ل ڕێکخەرێن پێشانگەهێ کر و سەرکەفتن بو خواست و تەکەزکر کو کارگێریا پارێزگەها دهوکێ هەر سال دێ هەولدانا کەت کو پێشانگەها دهوک یا نیڤ دەولەتی بڕەنگەکێ باشتر بهێتە ڤەکرن و داخازکر کو کابینا نوو یا حکومەتا کوردستانێ پتر پشتەڤانیێ ل پێشانگەها دهوک یا نیڤ دەولەتی بکەت تایبەتی جهەکێ نوو ئاڤاکەت بو وێ یەکێ وەلاتێن جیهانێ پتر پشکداریێ تێدا بکەن.

هەژی گوتنێ یە 43 کومپانیێن بیانی و خویی ب کەلو پولێن خو یێن جورا و جور پشکداریێ دپێشانگەهێدا دکەن و بریارە بو ماوێ دەھ ڕوژا یا بەردەوامبیت.

ئەو وەلاتێن بیانی یێن پشکدار(میسر ـ هیندستان ـ پاکستان ـ سەنیگال ـ عێراق).

نوژدارێن ئەمریکی دێ هژمارەکا نشتەگەریێن قەستەرا دلی بۆ نەخۆشان ئەنجامدەن

خەبات ـ دهوک: ئەندامێ شاندێ نوژدارێن ئەمریکی دیارکرکو ب هەڤکاریا ڕێڤەبەریا گشتی ساخلەمیا پارێزگەها دهوکێ بۆ جارا ئیکی شاندەکێ نوژدارێن ئەمریکی ژڕێکخراواSAMS ل ڕوژا 2019/9/15 ل پارێزگەها دهوکێ دەست ب ئەنجامدانا نشتەگەریێن قەستەرا دلی کرن.

د. خالدون ئەسود، ئەندامێ شاندێ نوژدارێن ئەمریکی دیارکر شاندێ نوژدارێن ئەمریکی ل سەنتەرێ ئازادی یی نشتەگەری ونەخۆشیێن دلی لدهوکێ دەست ب ئەنجامدانا نشتەگەریان کریە د شەڤا بۆریدا حەفت نشتەگەری ئەنجامدانە و ئەڤرۆ ژی هژمارەکا قەستەرێن دلی ئەنجامدان ، شاندێ نوژدارێن ئەمریکی یێ پێکهاتیە ژ شەش کەسان ژوانا ژی نوژدارێن دلی و زارۆکان ناڤ دانە هندەک نوژدار دێ ل کەمپێن ئاواران خزمەتییێن تەندروستی پێشکیشی ئاواران کەن و هندەک نوژدار ژ شاندێ ئەمریکی ل نەخۆشخانا هیڤی یا زارۆکان ل دهوکێ مەشق و ڕاهێنان ب ستافێ نەخۆشخانێ کەن دێ ل نەخۆشخانا ژن و زارۆکبوونی ژی مەشق و ڕاهێنان ستافی نەخۆشخانێ هێتە کرن. ئاشکەرا کرکو بۆ دەمێ حەفتیەکێ دی پارێزگەها دهوکێ نشتەگەریێن قەستەرا دلی هێنە ئەنجامدان بۆ نەخۆشان ب هەڤکاری دگەل نوژدارێن پارێزگەها دهوکێ. ئەوژی دیارکرکو ئەڤە بۆ ئێکەمێن جارە شاندێ نوژدارێن ئەمریکی ژ ێکخراوا SAMS قەستا پارێزگەها دهوکێ دکەت پشتی کارێ مە ب دووماهیی دهێت دێ هەولدەن جارەکی دی ژی بزڤرینە هەرێما کوردستانێ وخزمەتێن تەندروستی پێشکیشی نەخۆشان کەین.

لە ئێستادا نرخی یەک بەرمیل نەوتی سپی 120- 125 هەزار دینارە

حکوومەتی عێراق بەڵێنی داوە بۆ ئەمساڵ نەوتی زیاتر بۆ هەرێمی کوردستان بنێرێت

پێش وەرزی زستان دابەشکردنی نەوت لە سنووری پارێزگای هەولێر دەست پێدەکات

ئاری کاکەشین: ساڵی رابردوو تەنها لە 15٪ی دانیشتووانی سەنتەری شاری هەولێر نەوتیان وەرگرتووە



هێشتا وەزری سەرما نەهاتووە و نرخی یەک بەرمیل نەوتی سپی 125-120 هەزار دینارە. ساڵی رابردوو بەشێکی کەمی دانیشتووانی کوردستان نەوتیان وەرگرت و لە وەرزی زستاندا نرخی یەک بەرمیل نەوت بۆ 140هەزار دینار بەرزبوویەوە. بۆ ئەمساڵ چاوەڕوان دەکرێت پێش وەرزی زستان زۆرینەی هاوڵاتیان نەوت وەربگرن. بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر دەڵێ" هەوڵێکی جدی لەلایەن حکوومەتی هەرێمەوە هەیە کە پێش وەرزی زستان نەوتی سپی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکرێت". بەوتەی ئاری کاکەشین ئەگەر یەک بەرمیل نەوت بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکرێت سنوری پارێزگای هەولێر پێویستی بە 100ملیۆن لیتر نەوتی سپییە.

بەدواداچوون، فۆتۆ/عەلی بانیشاری

ماوەی سێ ساڵە لە سەنتەری شاری هەولێر نەوت دابەش نەکراوە. بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر دەڵێ" قەرەبووکردنەوەی نەوتی ئەو سێ ساڵە کارێکی قورسە و بڕی نەوتەکە زۆرە". ئاری کاکەشین دەشڵێت" ساڵی رابردوو تەنها لە 15%ی دانیشتووانی سەنتەری شاری هەولێر نەوتیان وەرگرتووە". گوتیشی" لە دەرەوەی شار و ناوچە شاخاوییەکان زۆربەی ساڵا نەوتی سپی دابەشکراوە".

سەبارەت بە دابەشکردنی نەوت لەمساڵدا؟ ناوبراو بە(خەبات)ی راگەیاند" حکوومەتی هەرێم هەوڵی جدی داوە و رۆژانە لەسەر خەتە تا لە ڕێگەی حکوومەتی عێراق و وەزارەتی نەوتەوە بۆ ئەمساڵ نەوت بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش بکرێت".

گوتیشی"حکوومەتی عێراق بەڵێنی بە ئەندامانی کوردی ئەنجوومەنی نوێنەران داوە بۆ ئەمساڵ نەوتی زیاتر بنێرێت". باسی لەوەشکرد ئەگەر هەر خێزانێکی سنوری پارێزگای هەولێر یەک بەرمیل نەوت وەربگرێت تەواوی سنوری پارێزگا پێویستی بە 100ملیۆن لیتر نەوتی سپی دەبێت.

ئاری کاکە شین ئەوەشی گوت" ئامادەکاری تەواویان بۆ دابەشکردنی نەوت بەسەر هاوڵاتیاندا کردووە". ئەو دەشڵێت" ئەگەر حکوومەتی عێراق نەوتی نارد، سەرەتا لەناوچە شاخاوییەکانەوە دەست بە دابەشکردنی دەکەین، دواتر بۆ ناوچەکانی دیکە". هەروەها گوتیشی" ئومێد دەکەین بتوانین لە سەنتەری شاری هەولێربش نەوت دابەش بکەین". بەپێی زانیارییەکانی پەیامنێری(خەبات) تائێستا حکوومەتی عێراق بە فەرمی بەڕێوەبەرایەتی نەوت و کانزاکانی ئاگادار نەکردووەتەوە کە خۆیان بۆ دابەشکردنی نەوتی ئەمساڵ ئامادە بکەن، بەڵام بەڵێنی ناردنی نەوتی سپی لەلایەن حکوومەتی ناوەندییەوە دراوە.

بەڕێوەبەری نەوت و کانزکانی هەولێر دەڵێ" ئەگەر نەوتمان لە بەردەست بێت رۆژانە دەتوانین زیاتر لە یەک ملیۆن لیتر دابەش بکەین و لە ماوەی 3مانگدا تەواوی دانیشتوانی سنوری پارێزگای هەولێر نەوت وەردەگرن". ئاماژەی بەوەشدا لەبەرامبەر پێدانی هەر بەرمیلێک نەوت بڕی 50هەزار دینار لە هاوڵاتیان وەردەگرن. ئاری کاکەشین جەختیکردەوە ئەو نەوتەی بەسەر هاوڵاتیاندا دابەش دەکرێت پشکنینی تەواو بۆ دەکرێت، ئەگەر شیاو نەبێت بۆ بەکارهێنان بێگومان دابەش ناکرێت.

ناوبراو دەشڵێت" لە نێو بەڕێوەبەرایەتی دابەشکردنی نەوت و کانزاکان لە کەورگۆسک تاقیگەمان هەیە و پێش ئەوەی نەوتەکە بەتاڵ بکرێت پشکنینی بۆ دەکرێت". بەڕێوەبەری نەوت و کانزاکانی هەولێر دووپاتیکردەوە لەگەڵ گەیشتنی نەوت لەلایەن حکوومەتی بەغداوە بە شێوەیەکی یەکسان و بەخێرایی دەست بە دابەشکردنی دەکەین.

سەبارەت بە دابەشکردنی نەوت بەسەر ئاوارەکاندا؟ ئاری کاکەشین گوتی" حکوومەتی عێراق نەوتی ئاوارەکان بێ بەرامبەر دابین دەکات و پەیوەندی بە حکوومەتی هەرێمەوە نییە".

4ی ئەم مانگە و لە کۆبوونەوەی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بەڕێزدار مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکوومەتی هەرێم وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی راسپارد کە پێش هاتنی وەرزی زستان نەوتی سپی بەسەر هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان دابەش بکرێت و سەرەتاش لە ناوچە شاخاوییەکانەوە دەست بەدابەشکردنی نەوت بکرێت.

ساڵانە 13 تەن دۆشاوی تریۆ لە عەنتاب دروست دەکرێت

داداخواز (زبیدە عزیز حمد) پێشنیاری دادگای باری کەسی هەولێری کردوە داوا دەکات کە بکرێتە (دەسەلّات بەندو سەرکار) لەسەر (وون بوو) بەناوی (عبدالمناف خضر حمد صالح) لە بەرواری (٢٠١٤/١٢/١٠) بەپێی فەرمانی دادگای لێکۆلّینەوە لەبنکەی دادگای لێکۆلّینەوەی (هەولێر) ژمارە (٥٥٥٩) لە ٢٠١٩/٩/١٦ لە بنکەی پۆلیسی (ئاشتی).
بۆیە بڕیارماندا بە جاردان بۆ ناڕازی کە ناڕازین لەسەر ئەم بڕیارە بۆیان هەیە مراجعەتی ئەم دادگایە بکەن بۆماوەی (١٥) رۆژ لە رۆژی بلّاوکردنەوەی ئەم جاردانە بە پێچەوانە دادگا هەلّدەستێ بە دانانی (زبیدە عزیز حمد) بەسەرکار لەسەر وون بوو.
دادوەر/ صباح قادر کاملا
***
دادگای باری کەسی هەولێر/٦
ژمارە: ٥٥١١/ش/٢٠١٩/٦
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٦
جاردان
بۆ/ داوالێکراو أری عبدالرحمان عبدالکریم شوێنی دانیشتنت نادیارە
ئامازە بەداوای ژمارە ٥٥١١/ش/٢٠١٩/٦ دادگا بریاری دا لەسەر (تفریق للهجر) لەم دادگایە لە بەرواری ٢٠١٩/٩/٥ لەنێوان داواکار (ئەڤین عبدالوهاب جعفر) و داوالێکراو (ارى عبدالرحمن عبدالکریم) لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی ئیشعاری مختاری (گەرەکی ١٥٩ی گولان) بۆیە دادگا بریاری دا بەپێراگەیاندنت بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی و رۆژانە وە تۆ مافی نارەزایی و پێداچوونەوەت هەیە لەماوەی ١٥ پازدە رۆژ ئامادەبیت.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە: ٥٨٣٧/٢٠١٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٦
ئاگاداری
بۆ/ قەردار (روستم کەال قادر) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی و کاتی بۆ پێراگەیاندنتان بۆیە لەرێگای رۆژنامەی ناوخۆ ئاگادارتان دەکەین بە مەبەستی ئاگاداریتان بەخەملاندنی لە مولکی ژمارە ٢/٧١٠ ك ١ بساتین بەبری ٤٥٢,٣٤٠,٠٠٠ ملیۆن دینار خەملێنراوە بۆیە لەماوەی ١٥ پازدە رۆژ ئامادەبیت.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
***
بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر
ژمارە: ٥٨٣٩/٢٠١٢
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٦
ئاگاداری
بۆ/ قەرزار (روستم کەال قادر) لەبەر نادیاری شوێنی نیشتەجێتان و نیشتەنی هەمیشەیی و کاتی بۆ پێراگەیاندنتان بۆیە لەرێگای رۆژنامەی ناوخۆ ئاگادارتان دەکەین بە مەبەستی ئاگاداریتان بەخەملاندنی لە مولکی ژمارە ٣٠٤ ك ١ بساتین بەبری ٣٣,٠٤٨,٠٠٠ ملیۆن دینار خەملێنراوە بۆیە لەماوەی ١٥ پازدە رۆژ ئامادەبیت.
جێبەجێکاری داد/ ئاری فیصل دەباغ
***
دادگای باری کەسی هەولێر/١
ژمارە: ٦٨٤٥
رێکەوت: ٢٠١٩/٩/١٥
ئاگادارکردنەوە
بۆ هاوڵاتی (لیث باسل شبیب) ئامادەبێت لەم دادگایە لەماوەی (٧) حەوت رۆژ بەمەبەستی سەرپەرشتیاری منداڵەکەت بەناوی (سلسبیل لیث باسل) وە ئەگەر ئامادە نەبێت ئەوا دایکی منداڵەکە بەناوی (غفران طارق صالح) دەکەینە سەرپەرشتیاری منداڵەکە.
ناوبراو شوێنی نادیارە لەم شارەدا نازی (باسل شبیب گیطان)
دادوەری یەکەم/ د.سردار علی عزیز
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٤١١/ت/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٨/١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: کامل اسماعیل محمدامین
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٥/٤٤٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (نەهێشتنی تاوانی پشدەر) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٥ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٤١٧/ت/٢٠١٧
رۆژ: ٢٠١٩/٨/١٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عبدالله خلیل محمد
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٠) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (چوارچرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/١٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٨٦٨/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٨/١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: نێرگز عبدالله حمه
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٧/٣) لەیاسای تیرۆر لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (ئاسایشی قەالدزێ) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٢٠ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/١
ژمارە: ٨٧١/ت/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٨/١٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: داریان بێستون اسکندر
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣٤٥) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/١٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / قادر سعید محمود
***
دادگای تاوانەکانی سلێمانی/٢
ژمارە: ٢٨٥٢/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٨/٢١
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: عباس محمد سلیمان
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤١٣) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / شیرین علی حمەسور
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٢٠٩/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: ئوفق سلێمان جۆالق
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٣٥) لەیاسای هێنا و زانیاریە بازرگانیەکان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (چوارچرا) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/١٣ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ١٨٢/ك/٢٠١٩
رۆژ: ٢٠١٩/٧/٢٨
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: مشتاق طالب محمود
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (راپەڕین) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١٢/٢ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***
دادگای کەتنی سلێمانی/٤
ژمارە: ٥٩٢/ك/٢٠١٨
رۆژ: ٢٠١٩/٨/١٩
بۆ/ تۆمەتباری راکردوو: سربست بایز عباس
ئاگاداری
لەبەر ئەوەی نێردراوی بۆ ئەوەی دادگایی بکرێیت بەپێی ماددەی (٤٣٢) لەیاسای سزادان لەو کێشەیەی کە تایبەتە بەبنکەی پۆلیسی (سەرچنار) وە لەبەر ئەوەی جێگەی دیاری کراوت نییە بریارمان دا لە رۆژنامە ناوخۆییەکان ئاگادارت بکەینەوە کە لەرۆژی ٢٠١٩/١١/٢٦ لەبەردەم دادگاکەمان ئامادەبیت یان خۆت بگەینیتە نزیکترین بنکەی پۆلیس بۆ هێنانت لەو رۆژە بەپێچەوانەوە دادگایی دەکرێیت بەبێ ئامادەبوونت بەپێی یاسا.
دادوەر / ازاد اکرم مجید
***

وەزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان
بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستەکان
بانگهێشتی گشتی
کەمکردنەوەی نهێنی/ تەندەری ژمارە (٢)ی چاپی پەرتووك
ئاگاداری سەرجەم کۆمپانیا و چاپخانەکان دەکەینەوە کە وەزارەتی پەروەردە پێویستی بە چاپکردنی پەرتووکی خوێندن هەیە بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠١٩ – ٢٠٢٠) لە رێگەی کەمکردنەوەی نهێنی تەنها بۆ هەشت کۆمەڵە لە تەندەری ئامازە پێکراو لەسەرەوە هەر کەس ئارەزووی بەشداری کردنی هەیە با سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ژمێریاری لە دیوانی وەزارەت بکات بەمەبەستی کڕینی تەندەر کە لە رۆژی (دوو شەممە) رێکەوتی (٢٠١٩/٩/١٦) تاوەکو (٢٠١٩/٩/٢٧) و نرخی هەر تەندەرێك (٣٠٠٠٠٠) سێ سەد هەزار دینار دەبێت و ئەم بڕە پارەیەش گەڕانەوەی نییە بۆ خاوەنەکەی.
دواکات بۆ گەڕاندنەوەی تەندەر رۆژی یەك شەممە (٢٠١٩/٩/٢٩) کاتژمێر (١١:٠٠) یانزەی پێش نیوەڕۆ دەبێت و رۆژی کردنەوەی تەندەر لە هەمان رۆژ کاتژمێر (١١:٠٠) یانزەی پێش نیوەڕۆ دەبێت لەکاتی پشووی فەرمی دا دوا دەخرێت بۆ رۆژی دواتر.
* مەرجەکان:-
١- کرێی بلّاوکردنەوەی ئەم ئاگادارییە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو کەسەی کە کەمکردنەوەکەی بۆ دەردەچێت.
٢- بارمتەی سەرەتایی بەبڕی (٣٪)ی گوزمەی پێشکەش کراو بەچەکێکی پەسندکراو (مصدق) یان گرێنتینامە (خطاب ضمان) یان (کفالة مصرفیة ضامنة) بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد رۆژ وەکو بارمتەی سەرەتایی کە پێویستە لەکاتی گەڕانەوەی تەندەر هاوپێچ بکرێت وە بەپێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت.
٣- ماوەی تەندەرەکان (مدة نفاذ العطاءات) (٦٠) شەست رۆژە و لە رۆژی کردنەوەی تەندەر دەست پێدەکات.
٤- پێویستە کۆمپانیا بەشداربوو ئەستۆپاکی نوێی باجی دەرامەت بۆ ساڵی (٢٠١٩) پێشکەش بکات لەکاتی گەڕاندنەوەی تەندەر، بەپێچەوانەوە ئەو تەندەرە پشتگوێ دەخرێت.
مەریوان بەگۆك عزیز
بەڕێوەبەری گشتی دیوان
٢٠١٩/٩/١٦

mselect.
بابەت / ئاگاداری
کۆمپانیای MSELECT پێویستی بە کارمەندی (Senior Contracts Advisor (SCA) & Shared Services Lead (SSL)) هەیە بۆ کۆمپانیایەکی گرنگ لە بواری نەوت و گاز لە هەولێر، ئەزموونی 3-5 ساڵ کارکردنی هەبێ لە هەمان بوار. ئەمەی خوارەوە کورتەیەکە لە تایبەتمەندی کارەکە.
MSELECT is looking to hire a Senior Contracts Advisor (SCA) & Shared Services Lead (SSL) for an international oil client in Erbil, minimum of 3-5 years' experience in Oil & Gas Contracting and must be familiar with accepted MNR processes for contracting, fluency in Kurdish and English is a must.
Key requirements:
- Minimum of 3-5 years' experience in Oil & Gas contracting
- Must be familiar with accepted MNR processes for contracting
- Fully bilingual – English & Kurdish; Arabic is a plus
- Computer proficiency – Word, Excel, PowerPoint, etc.
- Capable of understanding of what is needed from a services and materials management perspective and ability to communicate with operations personnel
- Displays ability to supervise experienced staff and capable of mentoring and developing professional
- Capable of setting priorities and handle multiple task
- Able to work independently within a team
- Highly motivated
- Sensitive to cultural differences
- Excellent communicator
To see the full requirements please view the job vacancy on our website.
Only applicants meeting the strict criteria outlined above will be contacted as part of the shortlisting process. Please do not apply if you do not meet the requirements.
تێبینی:
- ئەوەی نیازی کارکردنی هەیە، تکایە داواکاری CV تۆمار بکە لە ماڵپەڕی www.mselect.iq ژمارەی کار 1709
- دوا ڕۆژ بۆ وەرگرتنی دەواکاریەکان 10 ڕۆژە لەبەرواری ئەم ئاگادارییە.
www.mselect.iq info@mselect.iq

ئامانجی دریژخایەنی رۆژئاوا لە پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی دەریایی لە کەنداودا



بەشی دووەم وکۆتایی

موحسین محەمەد*

سیستەمی ئابووری و سەربازیی رۆژئاوا بە چەشنێک ئاوێتەی یەک بووە زۆر سەختە پێشبینی بێلایەنی ولاتێک بکرێ لە رووداوە گەورەکانی جیهاندا. ئەمریکا کە ئەمڕۆ ڕێبەرایەتی ئەو سیستەمە دەکات، لەوە تێدەگات پاش هەر بڕیارێکی کۆنگرێس یان ئیدارەی کۆشکی سپی، جیهانی رۆژئاوا دواجار بەناچاری دەبنە پاشکۆی ئەو بڕیارە. ولاتانی ئەو هاوپەیمانەتییە لە دوای جەنگی دووەمی جیهان، بەر لە ڕووداوەکان پێشتر لە کۆی سیستەمەکەدا خوێندنەوەی هاوبەشی خۆیان هەبووە، بۆیە دەزانن چی دەکەن.

و حەوت سەد هەزار بەرمیل نەوتی ئێرانی لە بازارەکانی جیهان ڕەشبکەینەوە. ئەوەی دۆخێکی ئەوها ئالۆزی ئابووری و سەربازی بخوێنێتەوە، لەوە تێدەگات کە ئامانجەکانی رۆژئاوا لەو ملمالانێیە دوورخایەنەدا، هیچ جۆرە تروسکایەک بۆ کاتێکی نزیک بەدیار ناخات . ئەوەی کە سەرۆکی ئەمریکا دەڵێ: ئێران نزیکە لەدانوستانی نوێ، پتر جەنگێکی دەروونییە وەک لەوەی ڕاستییەکی سیاسی بێ. ئیدارەی دۆنالد ترامپ لە کۆشکی سپی وەکو تێبینی دەکرێ، کات بەڕێکردنە لە ملمالانێیەکی سیاسی دریژخایەندا، ئەوەی باجەکەش دەدات گەلی ئێرانە. هەوالی گەشتە دبلۆماسیەکانی رۆژئاوا و تاکتیکە سیاسییەکانی ئەمریکا و ڕووداوە جەنگییەکان ئەوە بەدیار دەخەن، ئەمریکا لەچەندین بەرەوە زۆر بە چڕی کار بۆ ئامانجێکی دیاریکراو دەکات لەناو ئامانجە دریژخایەنەکەی دیوارە دەریاییەکەدا. ئەوەی بەردەوام لە کۆشکی سپی ڕادەگەیەنرێ، ئەمریکا بەهیچ شێوەیەک نایەوێ لەگەڵ ئێران بچێتە جەنگەوە، ئێرانیش زۆر باش ئەمەی خوێندۆتەوە، لەو لەیەک تێگەیشتنەدا، ئێران دەیەوێ لەڕێگەی هاوپەیمانەکانی لەناو عێراق و یەمەن و لوبنان گورزێکی سەربازیی ئەوها لەسعودیەو ئیسرائیل بوەشێنێ، جیهان سەرسام بکات بە هێزی مووشکە دوورهاوێژەکانی. حوسیەکان لە شەوێکدا دە مووشەکیان گرتە سعودیە. ئیسرائیل کەوتە خۆی، هاوکات لەگەڵ هێرشی حوسییەکان، هێرشی کردە سەر حیزبوڵای لوبنانی و حەشدی شەعبی لە عێراق. ئەو دوو هێرشە کاردانەوەی زۆر گەورەی لە لوبنان و عێراق بەدوای خۆیدا هێناوە، چاوەڕێی کاردانەوەی گەورتر لە دژی ئیسرائیل دەکرێ. بەمەش دۆخی سیاسی هەموو ناوچەکە لەگرژی بۆ گرژتر دەڕوات، هێورکردنەوە ئەوها ئاسان نییە. کەواتە کاتەکە بۆ دانوستان لەبار نییە، ئەوانەی کە لەڕاگەیاندن دەگوترین بە سەردانەکەی جواد زەریفی وەزیری دەرەوەی ئێرانیش بۆ پەراوێزی لوتکەی جەی حەوت، تەنیا کات بەڕێکردنە، بەئامانجی کەمێک هێورکردنەوە، ئەوەی ڕۆڵی کات بەڕێکردنی ئەمریکا دەبینی بۆ خولقاندنی دانوستان لەنێوان ڕۆحانی و ترامپ کە هیچ لۆژێکی تێدا نییە، ئیمانوێل ماکرۆنی سەرۆکی فەرەنسایە، هەر بەقسەکانی خودی ماکرۆن ئەو کاردانەوەی لە ئێران نابێ، بۆیە ڕۆحانی وتی دەبێ ترامپ تۆبە بکات و سزاکان لاببات ئینجا دانوستان دەکەین، ئەمەش لەخشتەی کاری ئەمرکییەکاندا نییە. ئێستا چی ڕووددا؟ ئەوها دیارە ئێران دەیەوێ گورزێکی زۆر کاریگەر لە ڕێگەی حزبوڵای لوبنانی بوەشێنێتە ئیسرائیل، حەسەن نەسرولا بەنیازە بە یەکجار هەزار مووشەک ببارێنێتە سەر تەلئەبیبی پایتەخت، وەکو دەڵێ، ئەگەر پێنج سەدی بکەوێتە خوارەوە، پێنج سەد دانەی دەکەوێتە ناو خەڵکی سڤیلی ئیسرائیل، ئەوهاش گوتراوە، دوای ئەو لێدانە ئیسرائیلییەکان بیرلەوە دەکەنەوە کۆچی پێچەوانەی جووەکان دەسپێبکاتەوە، لە ئیسرائیلەوە بگەڕێنەوە ئەورووپا و ئەمریکا. ئایا ئیسرائیلییەکان ئەو ترسەیان هەیە؟ بنیامین ناتانیاهۆ سەرۆکی ئیسرائیل داوای لە حەسەن نەسرولا قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودسی ئێرانی کرد، دان بەخۆیان بگرن، ئارام بن، دەکرێ بڵێن: ئەو لێدووانەی ناتانیاهۆ هەڕشەو ترسی تێدایە. ئێستا لەجیهاندا هیچ جۆرە ئاماژەیەک بۆ پاشەکشەی دەوڵەتی ئیسرائیلی نییە، بەپێچەوانەوە ڕووسەکان ژیراوژێر جۆرێک لە بێدەنگیان هەڵبژاردووە بەرامبەر بە ئاسایشی ئیسرائیل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بۆیە حەسەن نەسرولا هەر زوو پلانە هەزار مووشەکیەکەی گۆڕی بۆ پلانی گورزێکی کاریگەر بەڵام نەبێتە هۆی هەڵگیرسانی جەنگ، ئەمە کاریگەریی چاوپۆشی ڕوسیایە لە هێرشەکانی ئیسرائیل بۆسەر حیزبوڵای لوبنانی و حەشدی شەعبی لەعێراق. ئەوەی ڕوونە، جیهان لە کێشەی ئیسرائیل نایەوێ بگەڕێتەوە دواوە. ئەورووپاو ڕۆژاوا لە دوای جەنگی دووەمی جیهان زۆر سەرکەوتوو بوون لە سڕینەوەی کاریگەرییەکانی ململانێی جووەکان و کریستیانەکان بە دروستکردن و گەشەپێدانی ملمانێی عەرەبی و ئیسرائیلی، ئیسلامی و ئیسرائیلی. ئێستا ئەو ولاتانە ئامادەنین بگەڕێنەوە دۆخی پێشووی ئەو ملمالانێیە. بێ گومان هەر پاشەکشێیەکی دەوڵەتی ئیسرائیلی لەوجۆرە کاریگەریی ڕاستوخۆی لەسەر ناوماڵی ئەورووپا دەبێت.

ئەم پرسیارە گرنگە، ئایا هەموو ئەو ڕووداوانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەگەڕێنەوە بۆ کێشەی وزەی ناوکی نێوان ئێران و ئەمریکا ؟ بەگەڕانەوەمان بۆ ڕەچەڵەکی ملمالانێی لەناوچەکەدا، کاریگەریی زۆر بەهێزی ملمالانێی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو و ڕۆژئاوا دەخوێنینەوە. سالی 1978 کە پارتی گەلی دیموکرات دەستی بەسەر حکومڕانیەتی ئەفغانستان داگرت، چاکسازییەکانی بەرەو کۆمۆنیستی برد. ئێرانی دراوسێ بۆ ڕۆژئاوا بووە جێگەی مەترسی فراوانبوونی قەڵەمڕەوەی یەکێتی سۆڤیەت، بۆیە هاتنە کایەی حکومەتێکی ئیسلامی مەزهەبی لە ئێران بۆ ئەمریکا زۆر پێویست بوو، تەنانەت ئەگەر دژی ئەمریکاو ئیسرائیلیش بێ. گۆڕانکارییەکە دەرفەتێکی مەزنی دا بە مانەوە و قایمبوونی هێزەکانی ئەمریکا لە ئاسیا و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ڕۆژئاوایە لەو کیشوەرە پر لە کێشەو نەهامەتییەدا. بێ گومان دروستکردنی ئەو دیوارە هیچ شتێک بۆ ئێران ناهێڵێتەوە، ڕێگریش دەبێ لە فراوانبوونی قەڵەمڕەوەی ڕوسیا، کە ئێستا پتر لە چارەگە سەدەیەک بەسەر میراتەکەی سۆڤییەت تێپەڕیوە. ئەگەری هەستانە سەرپێی چینیش وەکو زلهێزێکی رکابەر و هەبوونی پاشماوەیەکی یەکجار زۆر لە لایەنگرانی سیاسەتی کۆمۆنیستی بەتایبەتی لەکۆریای باکوور و خودی ڕووسیا، هێشتا مەترسی زۆر ماوە لەسەر سیستەمی سەرمایەداری جیهانی. لەوانە، جەنگی دژە تیرۆر، گەشەی ئابووری چین، زۆربوونی ژمارەی دانیشتووانی کولتوورە داخراوەکان. کێشە کەڵەکەبووەکانی، کشمیر، قەرەم، تایوان، فەلەستین هەڕەشەن بۆسەر ئاسایشی جیهان. کێشەی هەرە ترسناک و چاوەڕوانکراو، بەرزبوونەوەی پلەی گەرمای زەویە، کە لەماوەی کەمتر لە نیو سەدەدا دەبێتە هۆی توانەوەی بەستەڵەکی باکوور و ئاوارەبوونی سەدان ملیۆن کەس لەجیهاندا، بۆیە پێکهێنانی هاوپەیمانیەتی دەریایی لە دەریای عەرەبی و کەنداو ئامانجی ستراتیژیی دریژخایەنی ئەمریکایە لە ملمملانێکانی کیشوەری ئاسیا .



هەوالی گەشتە دبلۆماسیەکانی ڕۆژئاوا و تاکتیکە سیاسییەکانی ئەمریکا و ڕووداوە جەنگییەکان کات بەڕێکردنە لە ملمالانێیەکی سیاسی دریژخایەندا، ئەوەی باجەکەش دەدات گەلی ئێرانە.

سەرچاوەکان: ئاژانسەکان، ڕووسیای ئەمڕۆ، ڕویترز، عەرەبییە، شەرق ئەلئەوسەت، جەزیرە...

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالی 1939:
لە جەنگی دووەمی جیهاندا هێزەکانی سۆڤیەت ڕۆژهەلاتی پۆلەندایان کۆنترۆل کرد.



سالی 1961:
عەدنان مەندەریسی سەرۆکوەزیرانی پێشووتری تورکیا لە سێدارە درا.



سالی 1978:
ڕێککەوتننامەی کامپ دێڤد لە نێوان میسر و ئیسرائیل مۆر کرا.



سالی 1997:
بە هۆی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکەکەیان لە نزیک سەرایبۆژ 11 دیبلۆماتکاری بیانی لە بۆسنە و هەرسک گیانیان لەدەست دا.



سالی 2008:
لە هێرشێکدا بۆ سەر بالێوزخانەی ئەمەریکا لە سەنعای پایتەختی یەمەن 16 کەسی سڤیل کوژران.



سالی 2016:
لە گەرەکی مانهاتنی شاری نیویۆرک بۆمبێک تەقیەوە و 29 کەس بریندار بوون.

www.xebat.net
ژمارە (5829) 2019/9/17 ساڵی شەشەم

ئیسرائیل و حزبوڵای لوبنانی..

ئامادەکاریی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی هەر ئەگەرێک



ئا : عەبدولقادر کەڵهۆڕ

بنیامین نتنیاهۆی سەرۆکوەزیرای ئیسرائیل گوتی، دوای شەڕ و پێکدادانەکان لەگەڵ میلیشیاکانی حزبوڵا لەسەر سنور، ئیسرائیل بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادەیە.. هاوکات پێدەچێت هەردوو لایەن نیازی بەرپاکردنی جەنگێکی دیکەیان نەبێت.

سوپای ئیسرائیل لە بەیاننامەیەکدا گوتی، لە سنوری باشوری لوبنانەوە بەچەند موشێکێکی دژەتانک هێرش کراوەتە سەر بنکەیەکی سەربازی ئیسرائیل و سوپاش وەڵامی هێرشەکەیان داوەتەوە، ئەو پێشهاتە دوای ئەوە هات لە هەفتەی ڕابردوو پشێویەکان گەیشتنە ئەو پەڕی و مەترسی بەرپابوونی جەنگێکی دیکە لە نێوان میلیشیای حزبوڵای لوبنانی و سوپای ئیسرائیل لە ئارادابوو.

لە بەرانبەریشدا میلیشیای حزبوڵای لوبنانی کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێت ڕایگەیاند، چەکدارەکانیان تانکێکی سەربازی ئیسرائیلیان لەسەر سنوری باشوری لوبنان تێکشکاندووە و کۆڕاو و بریندارییشی لێ کەوتووەتەوە.بەڵام سوپای ئیسرائیلی ئەوەی ڕەتکردەوە کە لە ڕیزەکانی سوپاکەیان کۆڕاو و بریندارییان هەبێت.ناتانیاهۆ کە دەزانێت هەڵگیرسانی جەنگ لەو کاتەدا ، هەڵمەتەکانی هەڵبژاردنەوەی بۆخولێکی دیکەی سەرۆکایەتی وەزیران لێ ئاڵۆز دەکات، بۆیە تارادەیەک خۆی لەو جەنگە بەدوور دەگرێت و دەیەوێت تاکو کاتی تەواو بوونی هەڵبژاردنەکان کە بڕیاری دوای سێ هەفتەی دیکە دەست پێ بکات ، هەموو شتێک ئاسایی بێت.

ناتانیاهۆ لە وتەکەیدا لەو کاتەی لەگەڵ سەرۆکی هندۆراس کۆبوەوە کە بەسەردانێک گوتی، بەچەند موشەکێکی دژە تانک هێرشمان کراوەتە سەر ، ئێمەش بە سەد موشەک و هێرشی ئاسمانی وەڵامی هێرشەکەمان داوەتەوە.ئێستاش خەریکی وتوێژین بۆ هەنگاوی داهاتوومان .گوتیشی ، فەرمانم دەرکردووە بۆ هەموو ئەگەرێک ئامادەبن، بە گوێرەی پێشهاتەکان جموجۆڵەکانی داهاتوومان دیاری دەکەین .ناتانیاهۆ زۆر بە هێمنی وئاسایی ئەو لێدوانانەیدا، پێچەوانەی لێدوانەکانی پێشووتر کە پڕبوو لە جۆش و خرۆش دژ بە نەیارانی ئیسرائیل. ئاماژەشی دا گوتی دەتوانم شتێکی زۆر گرنگتان پێ ڕابگەیەنم کە لەو هێرشەدا هیچ زیانێکی گیانی لە ریزەکانی سوپای ئیسرائیل نەبووە، تەنانەت هیچ سەربازێکمان پەنجەیەکی خۆیشی لێنەهاتووە .لەلایەکی دیکەوە هێزەکەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ناوچەکە (یونیفێل) گوتی، ئێستا ناوچەکە ئارام بووەتەوە و ئەوانیش ئەو پەڕی هەوڵەکانیان خستووەتە گەڕ بۆئەوەی دان بەخۆدا بگرن و دۆخەکە بەرەو ئاڵۆزی زیاتر نەبەن.پێشتر لە ساڵی 2006 بۆ ماوەی مانگێک بەهۆی بەدیلگرتنی دووسەربازی ئیسرائیلی لەلایەن حزبوڵاوە ، جەنگیان لە دژی یەک بەرپا کرد.


جێی باسە بەهۆی تێکشکانی دوو فرۆکەی بێ فرۆکەوان لەسەر ئاسمانی باشوری لوبنان ، سوپای ئیسرائیل لە حاڵەتی ئامادەباشی بوو بۆ هەر ئەگەرێک. هەندێک بەرپرسی ئەمنیش گوتبوویان کە ئەو دوو فرۆکەیە پەیوەندییان بە پرۆژەی دروستکردنی جۆرە موشەکێک هەیە کە زۆر ورد لە پێکانی ئامانجەکانی.

چاودێران دەڵێن ، ئەگەر جەنگێکی دیکە لە ناوچەکە بەرپابێت مەترسییەکان زۆر فراوان دەبن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وچونکە لە هەمان کاتدا ئەمەریکا گوشاری زۆر خستووەتە سەر ئێران بۆ ئەوەی ناچار بێت سەبارەت بە پرۆگرامە ئەتۆمیەکانی دانوستان بکات لەگەڵ هێزە جیهانییەکان . بەڵام لە هەمان کاتدا ئیسرائیل نیگەرانە لە فراوانبوون و دەست ڕۆیشتنی هەرێمی ئێران لە ڕێگەی میلیشیاکانی بەتایبەتیش لە سوریا .لەلایەکی دیکەوە لە عێراق ، میلیشیا عێراقیەکان کە لەلایەن ئێرانەوە پاڵپشتی دەکرێت، ئەمەریکا و ئیسرائیل تۆمەتبار دەکەن بەو هێرشەی کە کرایە سەر بارەگایەکی ئەو میلیشیایانە.

هەر لەو بارەوە ، ئەمینداری گشتی حزبوڵای لوبنانی ئێوارەی شەممە گوتبووی، سەرکردە مەیدانییەکانمان ئامادەن بۆ ئەوەی وەڵامی هێرشەکەی تێکشکانی فرۆکە بێ فرۆکەوانەکان بدەنەوە کە لەلایەن ئیسرائیلەوە هێرشیان کرابووە سەر .بەڵام حزبوڵا وەک ناتانیاهۆ نەیگوت حزبوڵا ئامادەیە بۆ جەنگێکی فراوان.

جیی بیرهێنانەوەیە سوپای ئیسرائیل بە بێ ئەوەی بەرپرسیاریەتی خۆی ڕابگەیەنێت بڵاوی کردبووەوە کە لە چوارچێوەی پرۆژەیەکی ئێرانی بۆ پەرەپێدانی تواناکانی حزبوڵا، فرۆکەی بێ فرۆکەوان هێرشێکیان ئەنجامدابوو.بە پێی سوپای ئیسرائیل ئەو فرۆکانە موشەکی زۆر وردبین هەڵگرێت و حزبوڵا بتوانیت بۆ هێرشەکانی بۆ سەر ئیسرائیل بەکاری بهێنێت. حزبوڵاش دانی بە هەبوونی ئەو جۆرە موشەکانە ناوە ، کە ڕەنگە لە ئایندە جۆرە پارسەنگییەک لەبەرانبەر توانا سەربازییەکانی ئیسرائیل دروست بکات.

هەورێکی ڕەش ئابووریی چینی تەنیوە



لە کاتێکدا کاریگەرییەکانی جەنگی بازرگانیی نێوان ئەمەریکا و چین بەسەر ئامارەکانی ئەو دوو وڵاتەوە بەردەوامە. بازرگانیی نێوانیشیان تا دێت کەم دەبێتەوە.بەپێی داتاکان. قەبارەی بازرگانیی دەرەکی لە نێوان هەردوو وڵاتدا مانگی ڕابردوو لەگەڵ هەمان مانگی 2018دا. بەڕێژەی سەدا 17.3 کەمی کردووە و دابەزیوە بۆ 47.7 ملیار دۆلار.قەبارەی هەناردەکردنی چین بۆ ئەمەریکا لە مانگی ڕابردوودا. لەچاو هەمان مانگی 2018دا. بەڕێژەی سەدا 16 کەمی کردووە و دابەزیوە بۆ 37.3 ملیار دۆلار و قەبارەی هاوردەکردنیش لە ئەمەریکاوە بەڕێژەی سەدا 21.8 کەمیکردووە و قەبارەکەی دابەزیوە بۆ 10.4 ملیار دۆلار.

لە کاتێکدا کاریگەرییەکانی جەنگی بازرگانیی نێوان ئەمەریکا و چین بەسەر ئامارەکانی ئەو دوو وڵاتەوە بەردەوامە. بازرگانیی نێوانیشیان تا دێت کەم دەبێتەوە.بەپێی داتاکان. قەبارەی بازرگانیی دەرەکی لە نێوان هەردوو وڵاتدا مانگی ڕابردوو لەگەڵ هەمان مانگی 2018دا. بەڕێژەی سەدا 17.3 کەمی کردووە و دابەزیوە بۆ 47.7 ملیار دۆلار.قەبارەی هەناردەکردنی چین بۆ ئەمەریکا لە مانگی ڕابردوودا. لەچاو هەمان مانگی 2018دا. بەڕێژەی سەدا 16 کەمی کردووە و دابەزیوە بۆ 37.3 ملیار دۆلار و قەبارەی هاوردەکردنیش لە ئەمەریکاوە بەڕێژەی سەدا 21.8 کەمیکردووە و قەبارەکەی دابەزیوە بۆ 10.4 ملیار دۆلار.

هەرچەندە حکوومەتی چین و بانکی ناوەندیی چین بەردەوامن لە گرتنەبەری ڕێوشوێنی کەمکردنەوەی کاریگەرییەکانی ئەو جەنگە بازرگانییە. بازرگانی لەگەڵ ئەمەریکا بەردەوامە لە کەمبوونەوە.بەپێی ئامارەکانی بازرگانیی دەرەوەی چین. ئاستی بازرگانیی چین لەسەر ئاستی جیهانی و هەروەها لەگەڵ ئەمەریکادا لە کەمبوونەوەدایە.لە کاتێکدا قەبارەی بازرگانیی چین لە میانی چوار مانگی ڕابردوودا. لەچاو هەمان قۆناغی ساڵی ڕابردوودا دابەزیوە. قەبارەی بازرگانیی نێوان چین و ئەمەریکا لە نۆ مانگی ڕابردوودا لەچاو هەمان قۆناغی 2018دا. کەمبوونەوەی بەخۆیەوە بینیوە.

مانگی ڕابردوو سەرۆکی ئەمەریکا. دۆناڵد ترەمپ ڕایگەیاندبوو. بەپێی 300 ملیار دۆلار کالای چینی ڕێژەی سەدا 10 باجی بۆ زیاد دەکرێت و دواتر زیادکردنی باجی لەسەر بەشێک لەو کالایانە دواخستبوو.

شارەزایان ڕایانگەیاند: ئەو بڕیارەی سەرۆکی ئەمەریکا چاوەڕوانییەکانی بۆ زیادبوونی بازرگانیی کالا چینییەکان تا مانگی کانوونی یەکەم لەباربردووە.

دۆخی ئێستا جێگای ئومێد نییە.لەو وڵاتە لە مانگی ئابدا لەچاو هەمان مانگی ساڵی ڕابردوو نرخی تاک بەڕێژەی سەدا 7.6 زیادی کردووە کە ئەو ڕێژەیە لە مانگی تەموزدا سەدا 9.8بوو. هاوکات ماوەی 14 مانگە فرۆشی ئۆتۆمبێل لە چین دابەزین بەخۆیەوە دەبینێت و لە مانگی ئابدا لەچاو هەمان مانگی 2018دا. فرۆشی ئۆتۆمبێل بەڕێژەی سەدا 6.9 دابەزیوە.

مانشێت



سکای نیوز:
لە نامەیەکدا ، کیم یۆنگ ئۆنی سەرۆکی کۆریای باکور داوای لە سەرۆکی ئەمەریکا کردووە کە سەردانی پیۆنگ یانگ بکات .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
دوای وەرگرتنی دوا بەشی سیستمی ئێس 400، تورکیا ڕایگەیاند کە لە مانگی ئەپریلی داهاتوودا سیستمەکە بە تەواوی دەخرێتە کار .



ئیلاف :
بزووتنەوەی تالیبان جارێکی دیکە ڕێگەی بە ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی دا کە لە ئەفغانستان کار بکات .



ئەی ئێف پی :
سەرۆکوەزیرانی بەریتانیا جەختی لەوە کردەوە کە سەبارەت بە بڕیگزت پێشکەوتنێکی بەرچاو لە ئارادایە .



فرانس 24:
خۆپیشاندەران لە هۆنگ کۆنگ گردبوونەوەیەکیان لەبەردەمی کونسوڵخانەی بەریتانیا ساز کرد و تیایدا داوایان لە لەندەن کرد چین ناچار بکات ڕێز لەو ڕێککەوتنە بگرێ کە لە ساڵی 1984 مۆریان کرد.



کەنالی ئار تی :
وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕایگەیاند کە لە نیویۆرک ڕوحانی و ترامپ هیچ کۆبوونەوەیەک ئەنجام نادەن .



ڕووەکییەکان مەترسیی لەسەر تەندروستییان هەیە

لێکۆڵینەوەیەکی تازە گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە ڕووەکییەکان (ڕووەکخۆرەکان) زیاتر تووشیی جەڵتەی میشک دێن بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی پارێزی دەکەن بەلام گۆشت دەخۆن.

زاناکانی زانکۆی ئۆکسفۆرد لەو باوڕەدان دوای بەدواداچوون بۆ ماوەی 18ساڵ بۆ نزیکەی 50هەزار کەس کە تێکڕای تەمەنیان 45 ساڵ بوو، خواردنی بڕێکی زۆر کەم لەو ڤیتامینانەی لە گۆشتدا هەیە هۆکارە بۆ ئەوەی مرۆڤ توشیی جەڵتەی میشک بێت.

زاناکان بینیان ڕووەک خۆرەکان مەترسیی توشبوونیان بە جەڵتەی میشک بە ڕێژەی 20% زیاترە لەوانەی گۆشت دەخۆن، ئەوەش دەگاتە 3 حالەتی توشبوون بە جەڵتەی میشک لە نێو 1000 کەس لە ماوەی 10 ساڵدا.

زاناکان دەڵێن ڕووەک خۆرەکان ڕێژەی کۆڵێسترۆڵ لە خوێنیاندا نزمە، لە هەمانکاتدا ڕێژەی ڤیتامین B12 کە ئەگەری هەیە هۆیەک بێت بۆ توشبوونی ڕووەکییەکان بە جەڵتەی میشک.

زاناکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لە بەریتانیا کەسە پێگەیشتووەکان ئەوانەی ماسیی دەخۆن یان ڕووەکین مەترسیی کەمتریان لەسەرە سەبارەت بە نەخۆشییەکانی دڵ بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی گۆشتخۆرن، بەڵام ڕووەکییەکان زیاتر هەڕەشەی جەڵتەی میشکیان لەسەرە.




تەکنیکێک دۆزرایەوە بۆ ڕێگاگرتن لە بەبیابان بوون

ژمارەیەک لە تۆێژەرانی چینی شێوازێکی تازەیان دۆزیەوە بۆ گۆڕینی بیابان بۆ خاکێکی بە پیت کە خزمەتی بە پەرەپێدانی سەوزایی لەو ووڵاتانەی کێشەی بە بیابان بوونیان هەیە دەگەینێت.

(یی چی چیان) مامۆستا لە زانکۆی چۆنگتیشینگ جیا تۆنگ و سەرۆکی تیمی تۆێژینەوە بە ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی ڕاگەیاند: تیمی تۆێژینەوەی زانستی لە شارەوانی چۆنگتیشینگ لە باشووری ڕۆژئاوای چین تاقیکردنەوەیەکیان ئەنجام دا بۆ باشکردنی ژینگەی بیابان لە بیابانی (ئۆلان بۆ) لە ناوچەی مەنگۆلیادا کە مافی خۆبەڕێوە بردنیان هەیە بە پشتبەستن بە تەکنیکێکی دەگمەن بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی بەبیابان بوون.

ئەوەو چیان ڕایگەیاند دوای چەندین ساڵ لە تۆێژینەوە تیمەکە گەیشتە ڕاستیی تایبەتمەندی میکانیکی نێوان گەردیلەکانی لم و گەردیلەکانی خاک، ئەوەش بووە هۆی پەرەپێدانی تەکنیکێک بۆ ئەوەی گەردیلەکانی لم هەمان خەسڵەتی خاکی سروشتیان پێ بدرێت بە تێکەڵکردنییان بە ماددەیەکی لە یەک چەسپکردن. گوتیشی ئەو لە دەستکاریکراوە توانایەکی بەهێزی دەبێت بۆ لەخۆگرتنی شێ و ماددەی خۆراکییەکان بۆ ئەوەی ببێتە ژینگەیەکی گونجاو بۆ گەشەی ڕووەک. زاناکان ناویان لەم تەکنیکە نا (گۆڕینی بیابان بۆ خاک). هەروەها ئەو زانا چینییە ئاماژەی بەوەکرد لە ڕێگای بەکار هێنانی ئەم تەکنیکە دەکرێت دوو ئامانج بپێکین کە بریتیین لە جێگیرکردنی لمی بیابان و گەڕاندنەوەی پۆشاکی ڕووەکی بۆ بیابانەکان. نزیکەی دوو ملیۆن مەتر دووجا بە بەروبووم چێندرا لە بنکەی تاقیکردنەوەکانی ئەم تەکنیکە وەک بەروبوومی دەرە و پەتاتە و توور و پاقلەی سۆیا و تەماتە و شووتی و زۆر لە میوە و سەوزەی دیکە هەروەها گوڵ و گیاش چێندرا.

خەیار وەک جێگرەوەی دەرمان



کاتێک کە باسیی خەسڵەتە باشەکانی خەیار دەکرێت دەگوترێت جێگرەوەیەکی باشیی ئاوە لە وەرزی هاویندا، بەهۆی هەبوونی ڕێژەیەکی بەرز لە ئاو تێدا.

ڕاستە خەیار ڕێژەیەکی زۆر ئاوی تێدایە، بەڵام لە هەمانکاتدا پڕۆتین و ڕۆن و کاربۆهێدرایت و تووخمە کانزاکانی وەک کالیسیۆم و ئاسن و مەنگەنیز و فۆسفۆر و زەنگی تێدایە، بەڵام ڕێژەیەکی زۆر کەم ڤیتامینەکانی تێدایە تەنها ڤیتامین K نەبێت کە ڕێژەکەی لە خەیار دەگاتە .21% لەگەڵ ئەمانەش شارەزایانی بواری خۆراک و پزیشکەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە خەیار چەندین سوودی بۆ جەستە هەیە، پێش هەموو شتێک خەیار بە جێگرەوەی ئەسپرین دادەندرێت، چونکە ئەو ئاوەی لە خەیاردا هەیە بەشداری لە کارلێکە تفتەکان دەکات کە ژینگەیەکی زۆر گونجاو لە ناوەوەی جەستەدا دروستدەکات و ڕێ لە بەرزبوونەوەی ترشیی دەگرێت. بۆیە ئەو کەسانەی کە بە تەمەنن بەردەوام ئامۆژگاری دەکرێن لە لایەن شارەزایانی بواری خۆراک کە خەیار لە سیستەمی خۆراکییاندا هەبێت بە تایبەتی کە خەیار هەستی تێربوون دەبەخشێت. بۆیە پارێزی بە خەیار کە جۆرێکە لە سیستەمی پارێزی بۆ دابەزاندنی کێش ئەگەری هەیە پڕۆسەی لەدەستدانی ماسولکەکان کەم بکاتەوە کە بە نیشانەیەکی پیربوون دادەندرێت لە هەمانکاتدا ئێسک لە وروشاندن دەپارێزێت و نیشانەکانی بەرزی پەستانی خوێن و جەڵتەی میشک و نەخۆشییەکانی دڵ و خوێنبەرەکان کەم دەکاتەوە.

بە هەمان شێوە پزیشکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە خەیار دژە هەوکردنێکی بەهێزە وەک ئەسپرین، بەڵام زیانی بۆ گەدە نییە، هەروەها خەیار ئاوێتەکانی فلافۆنید و تەربیتاتی تەیدایە کە ڕێگری لە دەرکەوتنی برینە شێرپەنجەییەکان دەگرێت. خەیار ئاوێتەیەکی دەگمەنی تێدایە بە ناوی cu-curbitacin گە گەشەی برینە شێرپەنجەییەکان دەوەستێنێت ئەو ئاوێتەیە ئێستاکە وەک ماددەیەکی سەرەکی بۆ بەرهەمهێنانی دەرمانەکانی نەخۆشییەکانی شێرپەنجە بەکار دێت.

فاکتەرەکانی بەرزبوونەوەی بڕی زەیتی زەیتوون

بەهۆی گرنگی زەیتی زەیتوون بۆ پاراستنی تەندروستیی مرۆڤ لە زۆر کێشەی نەخوازراو بەردەوام داواکاری لەسەر زەیتی زەیتوون زیاد دەبێت و پێویست بەوە دەکات ژمارەی باخی زەیتوون زیاد بکرێت، لە هەمانکاتدا پێویستە هەوڵ بدرێت بەرهەمی زەیت لە بەری زەیتوون بەرزبکرێتەوە.

باشی جۆری زەیتی زەیتوون بەندە بە چەند خاڵێک وەک تەرز و کاتی رنینی بەرهەم و شێوازی رنین و کۆکردنەوە و گواستنەوە و داکردنی بەرهەم پاشان شێوازی گوشین و چاودێری و داکردنی زەیت و جۆری بەر و توشبوونی بە دەردە کشتوکاڵییەکان.

چەند فاکتەرێک هەیە کاریگەری لەسەر جۆر و بڕی زەیتی زەیتوون دەبێت وەک یەکەم – کردارە کشتوکاڵییەکان وەک: کێڵانی دروست سەبارەت بە کات و ژمارەی کێڵانەکان و جێبەجێکردنی کاریگەری لەسەر ڕێژەی زەیت لە بەرەکە دەبێت.

هەڵپاچین (بڕین)ی دروست کاریگەری لەسەر پێگەیشتنی زووی بەرەکە و چەندایەتی و چۆنایەتی زەیتەکە دەبێت.



قەڵاچۆکردنی دەردەکشتوکاڵییەکان بە تایبەتی مێشووڵەی زەیتوون.

بەکارهێنانی پەینی کیمیایی و ئۆرگانی.

کاتی رنین و ئاستی پێگەیشتنی بەرەکە.

جۆری خاک و شێوازی ئاودان و ئاستی شێی خاک.

دووەم ژ تەرزی زەیتوونەکە، جیاوازییەکی زۆر لە نێوان تەرزەکاندا هەیە لە ڕووی ڕێژەی زەیت لە بەرەکاندا.

سێیەم ژ کەشوهەوا وەک پلەی گەرمی و ڕادی شێ پەیوەندی بە بڕی زەیت هەیە. ئەو ناوچانەی کەشێکی گەرم و شێداریان هەیە ڕێژەی زەیت لە بەری دارەکاندا بەرزتر بە بەراورد بە ناوچەکانی گەرم و وشک.

ئەو فاکتەرانەی سەرەوە کاریگەریان لەسەر ڕێژە و بڕی زەیت دەبێت جگە لە ڕۆڵی کارگەی گوشین زیتوون کە ئەوەش کاریگەری لەسەر جیاکردنەوەی زەیتەکە لەنێو بەرەکە دەبێت.

بەهۆی نەخۆشییەکی مەترسیدار ئەمەریکا هاوردەکردن تۆوی تەماتە و بیبەر قەدەخە دەکات

وەزارەتی کشتوکاڵی ئەمەریکا بەربەستی زۆری بۆ هاوردەکردن بنەتۆوی تەماتە دانا بەهۆی مەترسیترین ڤایرۆس (Pospiviroids) و بنەتۆوی بیبەر بە هۆی ڤایرۆسی کورتەباڵایی و کونکەری گەڵا و قەد بەهۆی مەترسیی باڵاوبوونەوەی ئەو ڤایرۆسە کوشندانە بەوەش کەرتی چاندنی ئەمەریکا لەو نەخۆشییانە دەپارێزرێت.

(جۆن میزیکۆ) بەڕێوەبەری پەرەپێدانی کار لە کۆمپانیای (یۆرۆ فینز بیۆدینۆ ستیکی انک) کە تاقیکردنەوە و تۆێژینەوە بۆ تەندروستیی ڕووەک و تۆو ئەنجام دەدەن ڕایگەیاند: ئەوان توانای دابینکردنی تۆوی تەماتەیان هەیە و دوای کەمکردنەوەی هاوردەکردن نرخی تەماتە بەرز دەبێتەوە بۆ 2 دۆلار بۆ یەک کیلۆ، ئاشکراشیکرد زۆر لەو تۆوانەی کە لە ووڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەکار دێت لە ووڵاتانی کیشوەری ئاسیا هاوردە دەکرێت وەک چین، هەروەها لە مەکسیک و ئەمەریکا باشوور هاوردە دەکرێن.

ئەوەو میزیکۆ گوتی بۆ کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی تۆو بڕە پارەیەکی زۆر دەگێڕێتەوە بە بەرهەمهێنانی ئەو تۆوانە لە دەرەوەی ئەمەریکا، بەڵام ئەوە مانای ئەوە نییە کە ئەو تۆوانە دووچاری نەخۆشییەکانی ڕووەک نابێت.

هەر سەبارەت بە هەمان بابەت (ریک دۆنک) بەڕێوەبەری دروستیی تۆو و بازرگانی لە کۆمەڵەی ئەمەریکا بۆ هاوردەکردنی تۆو دەڵێ ئەو ڤایرۆسەی لە تۆوی تەماتە و بیبەردا دۆزراوەتەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا دووچاری تۆوی پەتاتش دێت بەهۆی ئەوەی ئەو بەروبوومانە لە یەک خێزانن.

ئەمشەو و سبەی شەو جەولەی یەکەمی گرووپەکان دەست پێدەکات

تا ئێستا بەرشلۆنە نەیتوانیوە لە دەرەوەی یاریگاکانی خۆی لە یانەکانی ئەڵمانیا ببات‌ەوە

رۆنالدۆ بۆ یارییەکەی سبەی شەو مەشقی تەنهایی و تاییەتی ئەنجامداوە

پاریس سان جێرمان بەبێ نایمار و مباپێ و کاڤانی رووبەڕووی ریال مەدرید دەبێتەوە









هاوار مورتکەیی

ئەمشەو و سبەی شەو جەولەی یەکەمی یارییەکانی گرووپەکانی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەڕێوە دەچێت، دیارە گرووپی شەشەم کە لە یانەکانی بەرشلۆنە و بروسیا دۆرتمۆند و ئینتەر میلان و سلاڤیا پراگ پێکدێت، کە بە گرووپی مەرگ ناوزەدکراوە، لەم جەولەی یەکەمەش چەندین یاری بەهێز بەڕێوە دەچن وەک یارییەکانی (بروسیا دۆرتمۆند- بەرشلۆنە)، (پاریس سان جێرمان- ریال مەدرید)، (ئەتلەتیکۆ مەدرید- یۆڤینتۆس)، (ناپۆلی- لیڤەرپوول).

بەرشلۆنە یادگارە تاڵەکانی بیردێتەوە

یانەی بەرشلۆنە کە ئەمشەو کاتژمێر 10 بەکاتی هەولێر لەسەر یاریگای سیگنال ئیدۆنا پارک رووبەرووی یانەی بروسیا دۆرتمۆندی ئەڵمانی دەبێتەوە، بەرشلۆنە لەکاتێکدا ئەو گەشتەی ئەڵمانیای کرد، چەندین بیرەوەری ناخۆشی بیردێتەوە کە بەدرێژایی میژوو لەسەر یاریگاکانی ئەڵمانیا دووچاری بووە، تا ئێستا یانەی بەرشلۆنە 6 ڕووبەڕووبونەوەی ئەورووپی لەگەڵ یاریگاکانی ئەڵمانیا ئەنجامداوە، بەتایبەتیش لەگەڵ یانەگەورەکانی وەک بایرن میونشن و بروسیا دۆرتمۆند ولەم هەموو ڕووبەڕووبونەوانەش نەیتوانیوە یەک یاری لەگەڵ یاریگای یانە ئەڵمانییەکان بباتەوە، کە لە کۆی ئەو شەش یاریبەدا سێ یاری بەرامبەر بووە و سێ یاریشی دۆڕاندووە.

ئامادەباشی رۆنالدۆ

بۆ یارییەکەی بەرامبەر یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید کە بڕیارە سبەی چوارشەمە لەمیانی ئەو جەولەیەی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەڕێوەبچێت، کریستیانۆ رۆنالدۆی ئەستێرەی یانەی یۆڤینتۆسی ئیتالی بەشێوەیەکی تایبەت مەشق و ڕاهێنانەکانی ئەنجامداوە و بەگوێرەی ئەو گرتە ڤیدیۆیەی لە ئینستاگرامی خۆی بڵاوی کردۆتەوە، رۆنالدۆ لەدوای یارییەکەی فیۆرنتینیاوە بەتەنها لە هۆڵێکی وەرزشی ئاسن دەستی بەمەشقیکی چڕ کردووە.

جێی باسە ئەو دوو یانەیە لەوەرزی رابردووی لە یاری چارەگی پێش کۆتایی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەیەک گەیشتن و ئەتلەتیکۆ لە یاری چوون لەناو یاریگای خۆی 2-0 لیی بردەوە، بەڵام لەیاری گەڕانەوەدا رۆنالدۆ ڕاپەرینێکی بەرامبەر ئەتلتیکۆ ئەنجامداو هاتریکی تۆمارکرد و یانەکەی سەرخست بۆ پێش کۆتایی.

ڤاران: سان جێرمان خاوەنی چەندین چەکی بەهێزە

ڕافاییل ڤارانی بەرگریکاری یانەی ریال مەدرید سەبارەت بەیاریبەکەی سبەی شەویان بەرامبەر یانەی پاریس سان جێرمانی فەرەنسی گوتی: رکابەرێکی باشە و یانەیەکی تەواوە و لەهەموو هێلەکانیش یاریزانی زۆر باشی هەیە، هەروەها گوتی: یاریبەکە زۆر بەهیز دەبێت، هیوادارم بتوانین خاڵەکانی یەکەمین یاریمان لە خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەدەست بهێنین، پیم وایە پاریس سان جێرمان چەندی چەکی بەهێزی هەیە، بۆیە پێویستە هەموو هەوڵێک بدەین بۆ ئەوەی یاریبەکە ببینەوە.

جێی باسە یانەی پاریس سان جێرمان بەکۆمەڵێک گرفتەوە ڕووبەڕووی ریال مەدرید دەبێتەوە، لەوانە هەریەک لە کلیلیان مباپی و ئیدیسۆن کاڤانی بەهۆی پیکانەوە ناتوانن یاری بکەن و لەولاشەوە نایمار بەهۆی سزاکەیەوە ئەویش بەشداری ئەو یاریبە ناکات.

میسی یاوەری بەرشلۆنەی کرد بۆ ئەڵمانیا

ئەگەرچی هێشتا دیار نییە کە ئایا میسی دەتوانێت بەشداری یاریبەکەی ئەمشەویان بکات بەرامبەر بروسیا یان نا، بەڵام ئەو ئەستێرەیە یاوەری یانەکەی کرد بۆ ئەڵمانیا و بەشداری یەکەکانی مەشقی کەتالۆنیاشی کرد.

ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆی ئیسپانی ڕوونی کردۆتەوە کە هێشتا هەلوێستی میسی دیار نییە بەرامبەر دۆرتمۆند، ئەمە جگە لەوەی تیمی پزیشکی تاییەت بەو یاریزانە هیچ لێدوانێکیان نەبووە لەمبارەوە، بەڵام میسی یاوەری بەرشلۆنەی کردوو بۆ ئەڵمانیا.

یاریبەکانی ئەمشەو:

ئینتەر میلان-سلاڤیا پراگ 7:550
لیۆن- زینیت سانت پترسبۆرگ 7:55
بروسیا دۆرتمۆند: بەرشلۆنە 10:00
ناپۆلی- لیڤەرپوول 10:00
رید بۆل سالسبۆرگ- کەی جینک 10:00
ئەیاکس ئەمستردام- لیل 10:00
چێلسی- ڤالانسیا 10:00
بەنفیکا- لایپزیگ 10:00

یاریبەکانی سبەی شەو:

کلوب بروج- گەلاتە سەرای 7:55
ئۆلۆمپیاکۆس- تۆتینهام 7:55
ئەتلەتیکۆ مەدرید- یۆڤینتۆس 10:00
لیڤەرکوزن- لۆکۆمۆتیڤ 10:00
بایەر میونشن- سرڤینا سڤیزدا 10:00
پاریس سان جێرمان- ریال مەدرید 10:00
دینامۆ زەگرب- ئەتلانتا 10:00
شاختار- مان سیتی 10:00

سەرنج و چەند قسەیەک لەسەر گرنگیی شەترەنج



ژیلا تەیفور

شەترەنج یاریبەکی هزرییە، جولە و شێوازەکانی ئەم یاریبە زیاتر پشت بە هونەری یاریزان و لێهاتویی بەکارهێنانی تواناکانی مێشکی یاریزانی شەترەنج دەبەستێت، ئەم یاریبە بۆ ئەنجامدانی ڕووبەر و کەرستەیەکی کەمی پێویستە، بەڵام لەڕووی تەندروستی و دەروونییەوە سوودێکی بێ سنووری ئارام بەخشی هەیە کە زۆر جار بەیاریبە جادوویەکە ناو دەبرێت بۆ تەندروستی و مێشک و چالاکی مرۆڤ.

ئەم یاریبە بۆ هەموو ئاستو تەمەنەکان پێویستە بەتایبەتی منداڵان، چونکە خاوەنی وزەو چالاکی زۆرە، دەستپێکی بنیاتی گەشەی مێشکی مرۆڤ لە منالێدایە، بۆیە پێویستە هەر لە قۆناغی منالێدا فێری یاری شەترەنج بکرێت، چونکە لەڕێی ئەم یاریبە تەواوی خانەکانی مێشک، هزری و ماسولکەکانی دەستی دەکەوێتە جولە و کارکردن، شەترەنج یاریبەکە منداڵ دەتوانێت لە تەمەنی 4 ساڵی فێربکرێت و توانای تەرکیز خستنە سەر و جیاکردنەوەی یەکە یەکە پێکهاتەکانی یاریبەکەی هەیە لەگەڵ فێرکردنی شێوازی جولە و وەستان و ناوەکانیان.

ئەم یاریبە بەهۆکاری ئەوەی هەنگاو بە هەنگاو جولە جیاوازە وا لە منداڵ دەکات تەرکیز بکات و فۆکس بکاتە سەر جولەکان و ئارام بگرێت لەسەر بەدەستهێنانی ئەنجامەکەی و کۆڵنەدات، بەمەش تاکێکی بەرهەمدار و هێمن بنیات دەنرێت لەرێگەی یاری شەترەنج، لەلایەکی دیکەوەش لەڕوی بیرکاری و بیرکردنەوە خانەکانی مێشک بەگوڕ دەخات و ئەیخاتە جولەکردن، هەمیشە وا ئەکات لە بیرکردنەوەیەکی تەندروست بن.

یاری شەترەنج وا لە یاریزانان دەکات هەمیشە بیرۆکەی جوانی لا گەلالە بێت هەست و ڕوانینی جیاوازی بۆ رووداوەکان و دەوروبەری هەبێت، بەشێوازێکی وردتر و جوانتر و هونەریانەتر لە شتەکان بڕوانێت، کەمتر هەڵە بکات لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە بەبەراورد لە کەسانی ئاسایی، گرنگی یاری شەترەنج لە ئێستادا بەهۆکاری ئەوەی یاریبە ئەلیکترۆنییەکان ژیانی زۆربەی منالان و گەنجانی داگیرکردووە و کەمتر پەنا بۆ وەرزش کردن و یاریبە هزرییەکان دەبەن، بەڵام شەترەنج شۆینێکی دیاریکراوی ناوێت دەتوانیت لەماڵی خۆت لەگەڵ هاوڕێکانت چێژی لێوەربگریت لەهەمان کاتدا سودە تەندروستییەکەش بەدەست بهێنیت.

خۆشبەختانە لە کوردستانیش لەم چەند ساڵەی دوایی بایەخ شەترەنج دراوە، هەوڵ لە ئارادایە کە لە قوتابخانە و پەیمانگاکانی کوردستانیش شەترەنج بخرێتە نێو پرۆگرامی خوێندنەوە، ئەگەر ئەم هەنگاوە سەربگرێ ئەو بێگومان زۆلی دیاری دەبێت لە بونیاتنانی کۆمەڵگەیەکی دروست هەروەک ئیستا لە چەندین وڵاتی ئەورووپی و جیهانی هەنگاوی لەمشیوەیان هاویشتووە.

باسکەی ئیسپانیا بوونە پاڵەوانی جیهان



هەڵبژاردەی باسکەی ئیسپانیا دوور لە هەموو چاوەروانییەکان توانی نازناوی جامی جیهانی بەدەست بهێنێت، دوای ئەوەی لە یاریی کۆتاییدا بە ئەنجامی 75-95 لە هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بباتەوە.

لە سەرەتای دەستپێکردنی پاڵەوانێتییەکە، هەڵبژاردەی ئیسپانیا لە لیستی پاڵێوراوان نەبوو بۆ ئەوەی نازناوەکە بەدەست بهینێت، کە 32 هەڵبژاردە بەشداریی ئەو مۆندیالەی باسکەیان کردبوو، لەبەرامبەریشدا هەڵبژاردەی ئیسپانیا بۆ جاری دووەم کۆتاییەکە دەدۆڕێنێت و ئەمە یەکەمین دۆڕاندنی بوو کە 7یاری لەسەر یەکتری بردبۆوە.

KHABAT
info@xebat.net
www.xebat.net
Daily Newspaper Kurdistan - Iraq
Organ of KDP
Concessioner: Ali Abdulla
Editor-in-chief: Salam Abdulla
خەبات XEBAT
Tue, 17. Sep. 2019 No: (5829)
ناونیشان: هەولێر- شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە . میدیا سەنتەر

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا
سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com
سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
tel: 0750 445 9940 selam@xebat.net
0770 2969696
بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە:
0750 906 9595
یان ئیمەیڵی:
reklam@xebat.net
بەشی تاگاداریەکان:
0750 588 1616

نەخۆشی پاقلە چییە، تۆشی کێ دەبێت؟

دکتۆر کامەران: نەخۆشی پاقلە هیچ چارەسەرێکی نییە، تەنها خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە نەبێت لە خواردنی

دکتۆر کامەران ڕەسوڵ ژاژڵەیی پسپۆڕی زانستی خۆراک نەشتەرگەری گشتی دەربارەی نەخۆشی پاقلە کەمی ئەنزیم لەلایەڕەی تایبەتی خۆی لەتۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسبووک بەم جۆرە لەسەر ئەو نەخۆشییە دەدوێت:

ئا-وریشە عومەر

نەخۆشی پاقلە

نەخۆشی پاقلە نەخۆشیەکی بۆ ماوەییە زیاتر تووشی پیاوان دەبێ ، زۆرینەی خەڵک لە جیهاندا کەمی ئەو ئەنزیمەیان هەیە. ئەنزیمی G6PD بەرپرسە لە بەرهەمهێنانی وزە بە هۆی گۆڕینی شەکر بۆ ووزە و خڕۆکە سوورەکانیش لە ماددە زیا بەخشەکان دەپارێزێت، بەڵام کاتێک ئەو ئەنزیمە وزەی تێدا نامێنێت ئەوا کۆتایی بە ژیانی خڕۆکە سوورەکان دێت و لێک هەڵدەوەشێنەوە.

هۆکارەکانی نەخۆشی پاقلە

ئەو حاڵەتە بۆماوەییانە لە باوانەوە دەگوازرێتەوە بۆ منداڵەکان ،هۆکارەکەی جینێکی ناتەواوە لەسەر کڕۆمۆسۆمی X لە ئافرەتاندا دوو کڕۆمۆسۆمی XXهەیە، بەڵام لە پیاواندا یەک کڕۆمۆسۆمی X هەیە، بۆیە ئافرەتان کەمتر تووشی ئەم نەخۆشیە ئەبن چونکە جینی بەرپرسی لەسەر هەردوو کڕۆمۆسۆمی Xهەیە ئەگەر دانەیەکیان ئیش نەکات ئەوا جینەکەی تر کێشەی نابێت کاری خۆی ئەکات بۆیە ئافرەتان هەڵگر دەبن بەڵام پیاو چونکە یەک کڕۆمۆسۆمی Xی هەیە بۆیە ئەوان تووش دەبن، کەمی ئەو ئەنزیمە لە منداڵی تازە لەدایک بوو تووشی زەردوویی دەکات.

نیشانەکانی کەمی ئەنزیمیG6PD


تـــا ، هەناسە تەنگی، دڵ بەخێرایی لێدەدات، سەرسووڕان، هەستکردن بە ماندووبوون،گۆڕانی ڕەنگی میز بۆ زەردێکی تۆخ،زەردبوونی پێست و سپێنەی چاو ،گەورەبوونی سپڵ.

چارەسەری نەخۆشییەکە

ئەو نەخۆشیە هیچ چارەسەرێکی نیە تەنها خۆپاراستن و دوورکەوتنەوە نەبێت لە بەرهەمە یان نەخواردنی ئەو دەرمانانەی کە دەبنە هۆی کەمی ئەو ئەنزیمە.



بەهجەت خدر ڕەشید: کتێبفرۆشی چارەنووسی منەو زۆر بەو چارەنووسەی خۆشم خۆشحاڵم




محەمەد سەعید کوردە

کەم کەس هەیە لە خوێنەرانی کتێب و کتێبخانە و خوێنەری ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، بەهجەت خدر ڕەشید نەناسێ، ئەو گەنجەی هەر لە تەمەنی منداڵی خۆی، سەرقاڵی بازاری کتێبفرۆشی و ڕۆژنامە دابەشکردنە، وەک سی ڤی ئەم گەنجە ماندوو نەناسە، ئەوە ناوی بەهجەت خدر ڕەشیدەو لە ساڵی 1978 لە هەولێر لە دایک بووە، لە ساڵی 1992وە گۆڤار و ڕۆژنامە دەفرۆشێ، وەک بەهجەت خۆی دەڵێ: سەرەتا بەهۆی جیهانگیری برای هاتۆتە نێو ئەو کارە و بەشێوەی گەڕۆک کاری کتێبفرۆشی کردووە، خۆشبەختانە ئێستا بەهجەت لەناو بازاڕی هەولێر شوێنی تایبەتی کتێب و ڕۆژنامەفرۆشی هەیە، کە لەلایەن پارێزگاری هەولێرەوە بۆ ڕۆژنامە فرۆشان دیاری کرا. بەهجەت زۆر بەوە خۆشحاڵە کە لەگەڵ تـوێژێکی خوێنـدەوار مامەڵە دەکات و دووپاتی دەکاتەوە کەوا زۆربەی زۆری نووسەر و ڕۆشنبیرەکان هاوڕێی ئەون و ڕۆژانە سەردانی دەکەن، بەهجەت گەلێک کتێب و سەرچاوەی دەگمەنی بە نووسەران و قووتابیان بەخشیوە تا سوودی لێ ببینن، لە کۆتایشدا بەهجەت دەڵێ: کتێبفرۆشی چارەنوسی منەو زۆر بەو چارەنوسەی خۆشم خۆشحاڵم و سوپاسیب یەزدان دەکەم کە ئەم خەڵاتەی پێ بەخشیوم.

چاپکراوی نوێ

شیعری پۆست مۆدێرنەی ئەمریکی بڵاوکرایەوە

پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئیبراهیم عەلی مراد، کتێبێکی بە زمانی ئینگلیزی لەژێر ناونیشانی (the beat generation a socio _ political study) بڵاوکردەوە کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییە بۆ شیعری پۆست مۆدێرنەی ئەمریکی، لێکۆڵینەوەکە 310لاپەرەی قەبارەی وەزیر بەتیراژی 1000دانە کەوتە کتێبخانەکانی کوردستانەوە. بەناوی ڕۆژنامەکەمانەوە پیرۆزبایی لە پرۆفیسۆری یاریدەدەر دکتۆر ئیبراهیم عەلی مراد، دەکەین کە ساڵانێکی زۆر وەک نوسەرێک لە ڕۆژنامەکەمان کاری کردووە.



ڕوسیا کێشەی کەمی پیاوی هەیە

هەمزە سەرحان / خەبات

بەڕێوەبەرایەتی "ڕوستات"ی حکومی ڕوسی سەرژمێریەکی بڵاوکردەوە تێیدا هاتووە، ژمارەی ڕەگەزی مێ لەو وڵاتە ڕوو لەزیادبوونەو تا ساڵی 2036یش بەردەوام زیاد دەکات.بەڕێوەبەرایەتی "ڕوستات"ی حکومی لەسەرژمێریەکدا ئاشکرایکردووە، لەساڵی 2019دا لەبەرامبەر هەر 1000پیاوێک 1156ژن بوونیان هەیە.ڕوونیشکراوتەوە، ئەو ژمارەیە بەردەوام لەزیادبوونداا دەبێت و لەساڵی 2036دا لەبەرامبەر هەر 1000پیاوێک 1218ژن بوونیان دەبێت.بەڕێوەبەرایەتیەکە ڕوونیشیکردووەتەوە، ناوچەی تشوکوتکای ڕوسیا تاکە ناوچەیە کە ڕێژەی ژنان تێیدا کەمترن و لەرامبەر هەر 1000پیاوێک 956ژن هەیەو تا ساڵی 2031یش ژمارەی ژنان لەو ناوچەیەدا 17%کەمتر دەبێتەوەو ژمارەی پیاوان زیاد دەکات.



خاو بوونەوەی کۆمپیوتەرەکەت بەمشێوەیە چارەسەردەکرێت



ئەندازیار کێوان حسن

ئایا بەردەوام کۆمپیوتەرەکەت خاوە و خێرایی کەمە ، ئەمەش هەمیشە نیگەرانت دەکات؟ زۆر بەرنامە هەن کە کۆمپیوتەرەکان خێرا دەکەن، بەڵام ئەمانە چارەسەری هەمیشەیی نین، بەڵکو لەم ڕێگەیەی لە خوارەوە پێتان ئاشنا دەکەین، بە تەواوی لە خاوی و کەمی خێرایی کۆمپیوتەرەکانتان دوورتان دەخاتەوە. هۆکاری سەرەکی خاوی و کەمبوونەوەی خێرایی کۆمپیوتەرەکانتان بۆ هاردی کۆمپیوتەرەکانتان دەگەڕێتەوەکە پێی دەگوترێ Hard Disk Drive کە لە کۆمەڵێک چینی موگناتیسی بازنەیی پێک هاتووە و لەگەڵ بزوێنەرێک کە داتا و زانیاریەکان دەخوێنێتەوە. ڕێگەی کارکردنی هاردیسکی کۆمپیوتەر کە بە دڵی کۆمپیوتەر دادەنرێ، خۆی لە خولانەوەی بزوێنەری سەر چینە موگناتیسییە زۆرەکان دەبینێتەوە کە لە نێو هاردی کۆمپیوتەرەکەتدا هەن، بۆیە کاتێک کلیک لەسەر بەرنامەیەک یان فۆڵدەرێک دەکەن، بزوێنەرەکە بە سەر چینە موگناتیسییەکە دەخولێتەوە بۆ خێرایی کۆمپیوتەرەکە زیاتر و زیاتر دەبێ.چارەسەر چییە ؟ یەکێک لە ئاسانترین چارەسەرەکان گۆڕینی هاردیسکی کۆمپیوتەرەکانتانە بە جۆرێکی تر کە پێی دەگوترێ Solid State Drive ئەمەیان بە بێدەنگی و بەخێراییەکی زۆر کارەکانی خۆی دەکات، چونکە بەهیچ شێوەیەک لە چینی موگناتیسی و بزوێنەر پێک نەهاتووە، بەڵکو لە خانەی ئەلیکترۆنی دروست کراوە کە داتاکانی تێدا خەزن دەکرێ. بە دانانی ئەم جۆرە هارد درایڤە، ئەوا خێرایی کۆمپیوتەرەکانتان 10 جار لە خێرایی کۆمپیوتەرێکی نوێ و بێ کێشە زیاتر دەبێ.ئەم جۆرە نوێیەی هاردیسک کە بە SSD ناسراوە، لە لایەن کۆمپانیاکانی کینگستۆن و ترانسیند و ساندیسک و سیگیت دێنە بەرهەم و فەراهەم کراون، هاردێکی 240 گێگابایتی بە نرخی تەنیا 90دۆلاری ئەمەریکییە.

ئەوەی داتاکانی بدۆزێتەوە و کاری پێ بکات، ئەگەر خێرایی ئەو بزوێنەرە کەم بێ لە دۆزینەوەی داتاکانی ئەو بەرنامەیە، ئەوا کۆمپیوتەرەکەتان خاو و تەواو هێواش دەبێ. بەڵام هەرچەند خێرایی بزوێنەرەکەی سەر پەپکە موگناتیسییەکان زیاتر بێ، ئەوا

پەیوەندی ڕێژەی ڤیتامین دی و هەڵسووکەوتی توند لە تەمەنی هەرزەکاریدا



لە مالپەڕی میدیکال ئێسکپرێس هاتووە..بە وتەی تویژەران، کەمبوونی ڤیتامین دی لە تەمەنی ناوەندی منداڵان دەتوانێت ببێتە هۆی هەڵسووکەوتی توند وهەڵچوون و هەروەها تووشبوون بە حاڵەتەکانی خەمۆکی لە تەمەنی هەرزەکاریدا . ئەو تویژینەوەیە لە ساڵی 2006، لە لایەن تویژەرانی زانکۆی میشیگان لە سەر 3202 منداڵی تەمەن 5 تا 12 ساڵی لە کۆلۆمبیا ئەنجامدرا. کە تێیدا زانیاری پەیوەست بە کاری ڕۆژانەی وەک ئاستی خوێندەواری دایک،باڵایی منداڵ ،هەڵسووکەوتی کۆمەڵایەتی ئابووری وبەرگری خۆراکی خانەوادە کۆکرایەوە و جۆری خوێنی ئەو کەسانەش وەرگیرا.دوای نزیکەی 6 ساڵ ، کاتێک منداڵ گەیشتە تەمەنی نێوان 11تا 18ساڵ ، تـوێژەران چەند پرسیارێکیان بۆ هەڵسەنگاندنی باری دەروونی ئەو کەسانە ئاڕاستەیان کرد و هەروەها ڕێژەی ڤیتامین دی 273 کەس لە بەشداربووان هەڵسەنگاندنی بۆ کرا. تـوێژەران بۆیان دەرکەوت کە ئەو منداڵانەی ڕێژەی ڤیتامین دی لە نێو خوێنیان کەمە ، دوو ئەوەندە زیاتر تووشی هەڵچوون ، هەڵسووکەوتنی توند و نەخۆشییە دەروونییەکان دەبنەوە .هەروەها کەمبوونی پرۆتیینی گۆڵستنەوەی ڤیتامین دی لە نێو خۆین پەیوەندی هەیە بە نیشانەکانی خەمۆکی،شڵەژان و هەڵسوکەوتی تووندەوە. بە وتەی تویژەران، کەمبوونی ڤیتامین دی دەبێتە هۆی کێشە وگرفتی دەروونی لە تەمەنی گەورەساڵی دا وەک خەمۆکی و شێتی.تـوێژەران لە ئێستادا تـوێژینەوەی زیاتر لەو بارەیەوە ئەنجام دەدەن.